# له گۆشەنیگایەك

حەیدەر مەنتك

٢٠٢٥

# له گۆشەنیگایەك

حەیدەر مەنتك

٢٠٢٥

ناوی کتێب: لە گۆشە نیگایەك

بابەت: نۆڤلێت

نووسەر: حەیدەر مەنتك

دیزاینەر: دکتۆر ئەکرەم فەریدون

پێداچوونەوە: مامۆستا ئەورەحمان مارف

دکتۆر کاروان عەلی

دکتۆر خەسرەو خۆشناو

مامۆستا هۆگر جەمال

تایپ: نووسەر

ساڵی چاپ: ٢٠٢٥

تیراژ: ١٠٠٠

چاپخانەی: ڕۆژهەڵات

ژمارەی سپاردن: ژمارە (٩٧٧)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

لەساڵی (٢٠٢٥ ) پێدراوە

## پەیڤێک...

هەمیشە وێنە و پشوو درێژی نوسەر لە نووسیندا بەرهەمی جوان دەهێننە ئاراوە، وێنە بەشێکە لە جوانی و چیرۆک، بوونی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی و کارکردن لە چنینی چیرۆکدا جوانی و وێنە و پشوو بە چیرۆک ناخی مرۆڤ دەبەخشن، هەر بۆیە بوونی چیرۆکی باش نیشاندانی وێنەی پڕ لە جوانییە، ڕاکێشانی هەست و سۆز و خەیاڵی خوێنەرە، لە ڕێگای ڕەگەزەکان و ڕووداوی چیرۆکەوە، خەیاڵ و چێکردنی بیرێکی تایبەتە، هەبوونی ڕەگەزەکانی چیرۆک و

پەیوەندییان بەیەکەوە بەشێکە لە جوانی چنین و پشوو درێژی، بیرۆکە و بابەتی باش و دیالۆگ و شوێن و کەسایەتی پێویست، جگە لەوەی جوانی بە چیرۆک دەبەخشن، سەرکەوتنی نووسەر و چیرۆکەکە دەستەبەر دەکەن، دەبنە هەوێنی سەرنج ڕاکێشانی زیاتری خوێنەر، خوێنەر بە ئاگاو هۆشیار دەکەنەوە و زانیاری هەمەچەشنی پێدەبەخشن، هزر و بیری پاڵفتە دەکەن، ستراکچەری چیرۆکی باش دەلیڤەیەک بە ڕووی نووسەر و تەنانەت خوێنەریش دەکاتەوە، ئەم نۆڤلێتە سادە ناسکە لە جوانی و ناخناسکی مامۆستا حەیدەر مەنتکەوە لەدایک بووە، لەبەرئەوەی نووسەر ناخی پاک و خاوەنی ویژدانێکی مرۆڤانەیە لەمەڕ ئەم ڕووداوە، نەیتوانیووە دەست بۆ هەڵڕشتن و داڕشتنەوەی نەبات، ئەمەش جوانی و

بوونی مرۆڤبوونی نووسەر دەردەخات، مرۆڤ بوون لەم سەردەمە گەورەترین دیاری ئەفرێنەرە، کەم کەس بەتەواوی خاوەنی ئەم دیارییە بەنرخەیە، هەروەکو چۆن چیرۆکی باش دەتوانێت پشوو بە دەروونی خوێنەر بدات، پشوو درێژی و هەڵوەستە لەسەرکردنی ڕەشنووس، بەرهەمی شایستەمان پێشکەش دەکات، ئاهێک بە دڵی پڕ لە زاممان دێنێتەوە، تێنویەتیمان دەشکێنێت. دەمەوێت ڕاشکاوانە بڵێم مەنتک لە زۆر ڕووەوە پشوو درێژە، جوان و دڵسۆزە... کاتێک ڕەشنوسی ئەم نۆڤلێتەی بۆ هێنام، گێڕانەوەیەکی پچڕ پچڕ و تێکشکاوبوو، پشوو درێژی و کۆڵنەدان و بەردەوام بوونی توانی وا لەم بەرهەمە بکات کە ڕۆشنای چاپ ببینێ و خوێنەر کەمکێشی

ناوبابەتە ڕیالیستییەکەی بکات، ناخی پاک
و جوانیی خۆی بە ئێمە نیشان بدات.

د. کاروان عەلی

٢٠٢٥-٦-١٦

# پێش دەستپێك

ئەم بابەتەی بەردەستتان چیرۆكێكی ڕاستەقینەی ناو كۆمەڵگای كوردەوارییە، خامە و خەیاڵێك دای ڕشتووە، فیگەرەكانی پێكهاتوون لە دوو ئەوین، دوو خۆشەویستی ڕاستەقینە، كاراكتەری سێیەم ڕۆڵی سەرەكی لە كۆتاییدا دەبینێت.

ئەم بیرۆكەیە لە ساڵی (٢٠٠٢) نووسیومە، لێرەوە جێگای خۆیەتی سوپاسی سەنتەری چالاكییە ڕۆشنبیرییەكانی هاموون لە كۆیە و برای بەڕێزم ئاسۆ كاكە ڕەش بكەم، چونكە ئەوێ ڕۆژێ بۆ ئەم چیرۆكە باوەشی كردەوە

و خەمیان لێ خوارد و بۆیان چاپ کردم. لەوانەیە تیراژەکەی بۆ ئەو ڕۆژگارە کەم نەبوو بێت، بەڵام نەگەیشتۆتە دەستی زۆر لە خوێنەران و کتێبخانەکان لە هەولێر و شارەکانی تری کوردستان، پاش (٢٣) ساڵ بە پێویستمزانی، بە دەستکارییەکی کەمەوە و بە دیزاین و بەرگێکی تازەوە، بە تیراژێکی زۆرتر، چاپی بکەمەوە، بەهیوام سوودێك بە خوێنەران بگەیەنم و کتێبخانەی کوردیش لە کوردستانی ئازیزدا دەوڵەمەند بکەم.

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، دەبینین لە هەموو قۆناغەکانی پێشووی ژیان، بابەتێك یان کەیسێك وابەستە بە مەسەلەی پەیوەندیی سۆزی خۆشەویستی و ئەوینداری بۆ درێژەدان بە ژیان و لێك نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە جوانییەکان، خۆشەویستی هەمیشە بنچینەی هەبووە و بزووتنەوەیەکی گەشاوەی ڕەوتی ژیانی مرۆڤ بووە.

لەهەمانکاتیشدا بەهۆی هەندێ لە خەڵکی ناهۆشیار و نادیدە بۆ پەیوەندیی خۆشەویستی ڕاستەقینە یان ڕوونتر بڵێم پەراوێز لە ماناکانی ژیان گەیشتوون، وەك پێویست سەیری خۆشەویستی ڕاستەقینەیان نەکردووە، بەڵکو زۆر جار تاوانیشیان بەرامبەر کردووە، کە دەڵێین تاوان مەبەست تەنیا کوشتنی کەسەکان نییە، بەڵکو بەزۆر بەشوودان، بنپشك، ڕا وەرنەگرتن، هەڕەشە و لێدان و قەدەغەکردنی دەرەوە، بێبەشکردن لە خوێندن، ئەمانە تاوان و غەدر و بێ بەشکردنی سەرەتاکانی بنەماکانی ژیانە.

لێرەوە دەمەوێ چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگای کوردەواریتان بۆ باس بکەم، کە لە دوای ڕاپەڕین لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان بووە باس و خواسی میدیا و کەناڵەکان، بە چیرۆکێکی جیاواز و سەرسوڕهێنەر باس کرا.

## چیرۆکی (له گۆشەنیگایەك)

چیرۆکێکی ڕاستەقینەی نێوان دوو ئەوینە، دوو پەریزادەی ناخ پاکە لە دوای بەخت و چارەنووسی ونبووی خۆیان وێڵ و سەرگەردان بوون، هەمیشە دەگەڕان بۆ دۆزینەوەی دەرگایەك، تا لەم دەرگایەوە، یان لەم گۆشەنیگایەوە هەنگاو بنێن بەرەو پێکەوەنانی خێزانێکی بچکۆلانە و بەختەوەر.

**(شارا) و (کاروان) دوو کاراکتەری ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیەن، کە دەیانویست بە گەنجان و لاوانی دوای خۆیان بڵێن، پەیامی ئێمە پەیامێکە لێوان لێو لە خۆشەویستییەکی بێگەرد بۆ دروستکردنی ژیانێکی دروست.**

**(هەرێمر) کەسی سێیەمی کاراکتەری چیرۆکی (لە گۆشەنیگایەك)ە، ئەفسەرێکی دەسەڵاتە لە یەکێك لە پایەکانی حوکمڕانی.**

**وەکو (جەلالەدین ڕۆمی) دەڵێ: (خۆشەویستی تەفسیر ناکرێ، ئەوە خۆشەویستییە هەموو شت تەفسیر دەکات)، بۆیە پرۆسەی پەیوەندیی سۆزداری خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچ، مێژوویەکی دێرین و ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەرەتاکانی مرۆڤایەتی هەیە و تا تاك لە ژیاندا بوونی هەبێ درێژەی دەمێنێ،**

خۆشەویستی مەودایەکی فراوانی لە هەستی مرۆڤدا هەیە، بەڕای من تاوەکو ئێستا شارەزایانی بواری خۆشەویستی نەگەیشتوونەتە پێناسەیەك پڕ بە پێستی ماناو مەغزای خۆشەویستی، بۆیە گڕوتینی سۆزداری ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی سەندووە و گەشەی خێرای بەخۆوە بینیوە، بۆتە بابەتگەلێکی جیهانی.

ئەوەی دەمەوێ تیشکی بخەمە سەر خۆشەویستی پاك و بێگەردە دوور لە داوێن پیسی و تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانە، خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ گەیشتن بە لوتکەی پێکەوە ژیان بەڕای من خاڵێکە لە بنەماکانی پێکەوە ژیانی مەودا درێژ بۆ ئایندەیەکی گەش.

بێگومان دەستپێکی کردنەوەی دەرگای خۆشەویستی هەوڵ و کۆششێکی زۆری

**دەوێ، تا دوو ئەوین، دوو پەپوولە، دوو عاشق لە یەکتر ئاشکرا دەبن و مەبەستی ڕاستگۆیی خۆیان بۆیەکتر باس دەکەن و مەبەستیان نیاز پاکییە، مەبەستیان دەستنیشانکردنی هاوسەرگیرییە.**

**ڕوون و ئاشکرایە زۆرجار سەرەتای دروستبوونی هەر پەیوەندیەك بە سەیرکردنێك، نیگایەگ، یان قسەیەکی لۆژیکی، سەرە داوێکی لێ پەیدا دەبێت، بێشك ئەم سەرە داوە بەدواداچوونێکی عاشقانەو شێتانەی بەدوای خۆی کێش دەکات.**

**هەندێ نیگا، یان قسەی شیاو دەیان بیرۆکەی نوێ، لێکدانەوەی جیاواز، تەنانەت بیرکردنەوەی قووڵی دەوێت، دەیان پرسیاری لابەلا لە هزری هەردوولاوە دەجولێنێت، ترسێکی گەورە دێتە ئاراوە،**

مێشك لە ئاست زۆر بیرکردنەوە و خەفەت بەرنامەی خەزنی (داکردنی) کزدەبێت، لەبەرچاوانی عاشق دنیا خامۆشەو دەوروبەر چۆڵە، هەمیشە ئەوانەی ئەوینداری ڕاستەقینە دەکەن وا دەزانن خەڵك هەست بە جوڵانەوەی بوونیان ناکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەرمی پەیوەندیی خۆشەویستییەکە، خوێنەری بەڕێز دەمەوێ سەرنج بۆ نموونەیەکی زیندوو ڕابکێشم لەسەر ئەم هەست نەکردنە بە بەبوونی هەستی خەڵك، یان دەوروبەر، لەگەڕەکی مەنتکاوەی شاری هەولێر پیاوێك هەبوو بەناوی (سمە سێقات) پیاوێکی کراوە و بەرێز و دنیادیدە بوو، ئەگەر هەڵە نەبم خانووەکەی سێقات بوو، بۆیە ناسرابوو بە سمە سێقات دەیگوت ئەوکاتەی من لاو بووم کچێکم

خۆش دەویست، شوێنێك هەبوو كۆمەڵێك پیاوی بەتەمەن و مام حاجی یاری دۆمینەو دامەیان لێدەكرد نزیك ماڵی ئەو كچە بوو، كە من خۆشمدەویست، منیش بەفێڵی ئەوەی گوایە سەیری دامەو دۆمینە دەكەم دەچوومە لایان، لە پشت پیاوە بەتەمەنەكانەوە ئیشارەتم بۆ كچەكە دەكرد، وام دەزانی ئەوان بێئاگان و هیچ نازانن، یان زۆرجار قسەم لەگەڵ یەكێك دەكرد و چاویشم هەر لە سەر خۆشەویستەكەم بوو، لە دڵی خۆم دەمگوت خۆئاگادار نین و نازانن من سەیری كێ دەكەم.

ڕۆژگار هات و تێپەڕی تەمەنم بەرەو سەروو ڕۆیشت و لەژێر دیوار و بیر و مەكتەبەكان خەریكی یاری دۆمینە بووم، ئێستا هەمان نزم و شێوەی خۆم زۆر جار

گەنجەکان خەریکی ئەویندارین لە پشت منەوە وا دەزانن من بێ ئاگام، ئێستا تێدەگەم ئەوێ ڕۆژێ پیاوە بەتەمەنەکانیش بەم جوڵانەوە و کردەوانەی من دەمکرد، باش ئاگاداربوون، بەڵام خۆیان لە خەت دابوو.

ئەم چیرۆکەم بۆیە گێڕایەوە، خۆشەویستی دەگەڕێتەوە حاڵەتی نیمچە بێهۆشی، لە قۆناغی هەرزەکاری.

دیارە هیچ پڕۆسەیەك بەبێ کێشە و ئاریشە ئامانج ناپێکێ و بە ئاسانی بەرهەم نایەتە دەست، یان بوون، بەڵام دووربینی بۆهەر بابەتێك بە تایبەتی بۆ پڕۆسەیەکی خۆشەویستی پاك و گەیشتن بە لوتکەی ئەو ژیانەی تۆ دەتەوێ، گەڕانەوەیە بۆ پرس و ڕای ماڵەوە، هەرچەندە زانا و دانا و ژیر

بێت، بەڵام چوارچێوەی سەرکەوتن لە ڕاوێژدایە.

بۆ؟ هەمیشە پەیوەندییەکانی خۆشەویستی کچ و کوڕ کۆسپیان بۆ دروست دەبێ، چونکە بە فراوانی و بە ژێری بیرناکەنەوە، جیاوازییەکان ناخەنە سەر مێزی گفتوگۆ، هەمیشە پەلەپوزێ، یان ڕەنگدانەوەیەك بەدیدەکرێت لە نێوان ئەوکەسانەی لە پرۆسەی خۆشەویستی دان، پەشۆکاون، یاخود بەرنامەکانیان هەمیشە لەسەر پلانی درێژدادڕی دادەنێن.

دەبینین زۆرجار تووشی خەمۆکی و نەخۆشی دەروونی دەبن، ئەمەش لە ئەنجامی زۆر بیرکردنەوە و دابڕان لە کۆمەڵگا هەندێ جاریش ئەمە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیانە، چونکە سۆزو

ئەوینداریی‌ەکە ئەوەندە زاڵە کۆنترۆڵ و پەلبەست ناکرێت.

لە ڕاستیدا، دەکرێ ڕێبازانی ئەم ڕەوتە هەندێك بە سادەیی و بە گیانێکی لە خۆبردوویی‌ەوە بە ئەوپەڕی هێمنیی‌ەوە درێژە بەم پرۆسەیە بدەن، بەدڵێکی فراوانەوە بە بیرکردنەوەیەکی زۆرەوە بڕیار لەم چارەنووسسازە بدەن.

١٤ - ٢ -٢٠٠٢

---

تێبینی:

ناوی کاراکتەرەکان و شار و گەڕەك و شوێن و مەوقیفی پاس و دوکان و ناوەکانی تر خوازراون.

# لە گۆشەنیگایەك

لە گۆشەنیگایەك دەمباتە گەڕەكێك لە شاری هەولێر، کچێکمان پێ ئاشنا دەکات بە ناوی (شارا) کچەکەی مام (شەفیق).

شارا خونچە ئاسا، پەری، یان پەریا، باڵا بەرزێکی ڕێك و جوان، قژ ڕەشێکی زۆر تۆخ نا، جۆری بڕین قژ داڵاس، دەم و لێوێکی خونچە گوڵ ئاسا، بە دیوێکی تر هەندێ جار شێوەی لێوی شکۆفە ئاسا خۆی نمایشدەکرد، خاوەن چاوێکی ڕەنگ قەزوانێکی ئاچووغ، برۆیەکی کەوانەیی سیحراوی، دراوسێکانیان زۆر جار لەنێوان

خۆیان باسیان کردبوو، کە ناتوانن خۆیان لە وەسفێك بدەن باسی جوانی و ئاکاری شارا بکەن.

ئەو خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایانی هەولێر بوو، تەنانەت بۆ دەوامی پەیمانگە میکیاجێکی کاڵ و سادە، جلوبەرگێکی سەردەمیانە، بەڵام لە چوارچێوەی ئەدەب و کولتووردا دەرنەدەچوو.

شارا تاقانەی شەش برایە و بەهۆی ڕەوشت بەرزی و هێمنی خۆی و ڕێزگرتن لە دەوروبەری ببووە جێگای متمانەی خێزانەکەی، لە بواری خوێندنیش ساڵانە بە نمرەیەکی باش سەرکەوتوو دەبوو.

لە پەیمانگەش خاوەن پێگە و خۆشەویستی خۆی بوو، لەناو هاوپۆلەکان و مامۆستایان، جێگای متمانە بوو.

ڕۆژێکیان وەکوو ڕۆژانی ئاسایی شارا خۆی ئامادە کرد و بەرێکەوت بەرەو

مەوقیفی پاسەکانی (مەهاباد ٩٢)، لەلای قوتابخانەی شنەی سەرەتایی، پاش کەمێك پاسێکی (٢١) نەفەری ڕەنگ شین و سپی هات، شارا سەرکەوت و لە دواوە دانیشت، (سەکن) جابی پاسەکە بە توانجێکەوە داوای پارەی لە شارا کرد، شارا بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ و سەیری بکات پارەکەی بە نەفەرەکەی پێش خۆی ڕەوانە کرد، چونکە ئەوەی لای شارا بوونی نەبوو مەسەلەی چاوچاوانێ و خۆشەویستی بوو، جا چ ئەوەی بە دەمی ئەو پێبکەنێ.

لەڕاستیدا ناڵێم ڕۆژانە، بەڵام دەیان جار شارا داوای خۆشەویستی و پەیوەندی لێدەکرا، بەڵام هەرگیز نەدەهاتە ژێربار و ڕازی ببێت، زۆر جار لەلایەن هاوڕێکانییەوە بە خۆزلزان و بە تەکەبور، یان نامۆ ناوزەد دەکرا، بەڵام شارا دەیگوت خۆخستنە ناو دەریاوە دەبێ مەلەزانێکی باش و دوور

مەودا بیت، تا دەگەیتە لوتکەی سەرکەوتن و ئامانج بە دروستی بپێکی نەك بکەوی و بخنکێی.

شارا، جگە لە پەیمانگە تەنانەت زۆر جار، بەتایبەتی، کە لە پاس دادەبەزی هەندێ لە کوڕانی پەیمانگا، یان زانکۆ دوای دەکەوتن، توانجیان لێ دەدا، یان نامەی نوشتەئامێز، یان نامە لەناو بەرگی شقارتەیان بۆ فڕێدەدا، بەڵام هەرگیز بۆ جارێکیش ئەم کچە هەڵینەدەگرتەوە، نە بایەخی پێدەدا، نە بیری لێدەکردەوە، ئەم ئاکار و شێوازەی زیاتر وای لە کوڕان دەکرد، زیاتر و زیاتر بەدوایدا وێڵ بن.

ڕۆژێك، کە زۆری نەمابوو بۆ کۆتا ساڵی خوێندنی پەیمانگە، لە مەوقیفی پاسی بەردەم مزگەوتی (ڕەشاد موفتی) پاسەکە وەستا، کۆمەڵێك خوێندکاری کۆلێژی پەروەردە، لە کچ و کوڕی زۆر جوان و

ناوازە و بۆنخۆش، سەرکەوتن، یەکێك لەو خوێندکارانەی ناوی کاروان بوو، گەنجێکی سپیلکەی جوان و ڕێك و خۆشەویست لەناو هاوپۆلەکانی، لە هەمووشی گرنگتر کەسێکی ڕۆشنبیر و کراوە بوو، ئارەزووی لە خوێندنەوەی کتێب بوو، پێش ئەوەی پاسەکە بێت، لە شوێنی ڕاوەستانی پاسەکە، کە ماوەیەکە لایەنی پەیوەندیدار بە بەردی نەقاری لە شێوەی کەپر، دروستیکردبوو، تا سەرنشینان لەکاتی سەرما و گەرمادا پارێزراو بن، بە دیزانێکی جوان دروستکرابوو، بەڵام خوێندکاران و خەڵکی تریش زۆر شیعر و پەند و واژوو و تاریخیان لێ نووسیبوو، کاروان چاوی کەوتە سەر دوو دێڕ نووسین (بەخوات دەسپێرم گوڵی زەرد و سوور، هەرگیز وامەکە لە یەکتر بین دوور).

کاروان لە خێزانێکی هەژار و کاسب پەروەردە بووە، دەتوانم بڵێم لەڕووی مادییەوە بارودۆخیان خراپ بووە، وەلێ بە هۆی وتە بەنرخ و قسە و بەسەرهاتە خۆشەکانی، مەسەلەی هەژاری لەبیر خۆی دەبردەوە، زۆرجاریش لە گۆڕەپانی کۆلێژ لەبەرخۆیەوە دەیگوت باشە من کێشەی ماڵەوە بۆ خوێندکاران باس بکەم، نە کەس هاوکاریم دەکات، نە هاوکاریش لە کەس وەردەگرم، کەواتە ئەوەی هەیە با لە دڵی خۆم بێت، بەدەم ئەم ڕاوێژ و پرسیارانە لەگەڵ خۆی دەدوا، بەڵام هەمیشە شوکرانەی خوای دەکرد، کە لەڕووی جەستەوە ساغ و تەندروستە.

ئەوکاتەی کۆمەڵە خوێندکارەکە سەرکەوتن، کاروان چی بینی؟

شارا، چ شارا تۆ بڵێ مانگ، ئەستێرەی ڤینۆس، یان ڕووناکییەك فۆکسەکەی بۆ تۆ

بێت، کاروان بە بینینی شارا تووشی شۆك بوو، کاروان وا سەیری شارای کرد، شێوەی سەیرکردنەکە جۆرێك بوو، شارای خستە خەیاڵ و گۆمی گومانەوە.

شارا، کەمێك ڕووی خۆی وەرگێڕا و سەیری لای دەرەوەی کرد، لە دڵی خۆی گوتی دەبێ ئەم کوڕە بیناسێ، یان بە چ کچێکی تری تێبگا، لە ڕاستیدا شارا دەکەوێتە حاڵەتی دڵەڕاوکێ.

کاروان ماڵیان لە نزیك یاریگای (فەڕەنسۆ هەریری) و مەلەوانگەی هەولێرە، سەکنی پاسەکە گوتی: یاریگای هەولێر دابەزین هەیە، کەس وەڵامی نەدایەوە، دەبوایە کاروان وەکو ڕۆژانی پێشوو دابەزێ، کەچی بێدەنگی هەڵبژارد و تا گەراجی بازاڕ دانەبەزی.

سەرنشینەکان دابەزین و شارا بەرەو پەیمانگەی مامۆستایان هەنگاوی نا،

کاروانیش بە شەرم و ترسێکەوە دوور بە دوور هەنگاوی دەنا، ناوە ناوە دەوەستا و خۆی مەشغوڵ دەکرد، هەرچۆنێك بێت کاروان بە ئاماژەیەك تێیگەیاند کاری پێیەتی و پێی خۆشە بیبینێ، بەهەرحاڵ کاروان نەوێرا ڕاستەوخۆ بچێتە ناو بابەتەکە و پێی بڵێ سەرسامم پێت یان هەستم بۆت هەیە، یان خۆشمدەوێی، چونکە ئەم تەوق شکاندنە، یان کردنەوەی ئەم دەرگایە وا سووك و ئاسان نییە.

ئەگەر لەوکاتی سەیری سیما و سەر و شێوەی کاروانت بکردایە دەتبینی سووربۆتەوە و تەواو لە کەسێکی شپرزە و شێواو دەچێ، وەلێ بەهەرحاڵ جورئەتی وەبەر خۆی دا و پێیگوت، کە دەوام تەواو بوو دەمەوێ بتبینم.

ترس و دڵەڕاوکێی شارا کەمتر نەبوو لە کاروان، شارا شێواو و گیانی کەوتە لەرزین،

بەڵام وەڵامێکی ئەرێنی دایەوە و گوتی: ئێستا کاتی دەوامە و درەنگە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ لە گەراجی بازاڕ چاوەڕێم بکە.

شارا یەك دوو هەنگاوی نا ئاوڕێکی لێ دایەوە، بەڵام چ ئاوڕێك سەیری بە خۆی هات و گیانی تووشی سەرسامییەك بوو، کەوتە ناو گێژاوی بیرکردنەوەی قووڵ.

هەر خۆی سەیری بە خۆی دەهات بۆ لەناکاو وا شپرزە بوو، گیانی گەرم بوو، بەهەرحاڵ گەیشتە ناو حەڕەمی پەیمانگا و وەك ڕۆژانی پێشوو سڵاو و بەیانی باشی لە هاوڕێ و هاوپۆڵەکانی کرد و بەرەو پۆڵ هەنگاوی ناو لەسەر کورسی و شوێنەکەی خۆی دانیشت.

بەڵام بیری هەر لای ئەو گەنجەیە، کە کاری پێیەتی و دەبێ چی مەبەست بێ و چ داواکارییەکی هەبێ؟ مامۆستا هات، وانەی ڕۆژانەی خۆی پێشکەشکرد و جارناجارێك

دەیگوت کێ پرسیاری هەیە؟ یان کێ تێنەگەیشتووە؟ لە پێش و دواوەی شارا خوێندکارەکان پرسیار و تێبینی و بەشدارییان هەبوو، کەچی جیاوازتر لە ڕۆژانی دیکە شارا وەك دەڵێن (مێش) میوانی نەبوو، یان وەك دەڵێن مامۆستا (گوێز)ی بۆ ژماردووە.

شارا ئەمڕۆژە تا بەشەوانەکانی تەواوبوو، نە کات دەڕۆیی، نە دەسەڵاتی بەسەر هزر و بیریدا هەبوو، شارا سەد و یەك پرسیار ببوونە دەردەشەی خۆی و ئەو گەنجەی گوتی: دەمەوێ بتبینم.

تەنانەت بە ڕادەیەك هاوپۆلەکانی هەستیان بە مەشغەڵەتی شارا دەکرد، وەلێ، نە پرسیاریان لێکرد، نە بەڕوویان دا، نەبادا کێشەیماڵەوە، یان تایبەت بە خۆی هەبێت.

بەشە وانەکانی ئەمڕۆژە تەواو خوێندرا و دەوام تەواو بوو، کچە خوێندکارەکانی تر وەك ڕۆژانی تر چاوەڕێی یەکتریان دەکرد، شارا بە زەردەخەنەیەکی سیحراوی گوتی هاوڕێیان داوای لێبوردن دەکەم، چاوەڕێم مەکەن، ئەمڕۆ دەچمە ماڵی پوورم (نازەنین)

هاوپۆلەکانی خوداحافیزیان لە شارا کرد و شارا بەرەو گەراجی ناو بازاڕ، ئەو گەراجەی نزیك ماست فرۆشەکان هەنگاوی نا.

گەیشتە ناو گەراجەکە، بینی ئەو کوڕەی پێی گوت کارم پێتە، وا لە چایەخانەکە دانیشتووە.

شارا بە هێمنی و نیمچە شەرمەوە خۆی نیشاندا و نیوەڕۆ باشی لە کاروان کرد، بەڵام لەبەرئەوەی دابونەریتی کوردەواری و بەتاییەت شاری هەولێر لە ئەوێ ڕۆژێ،

ڕێگا پێدراو نەبوو لە چایەخانە کوڕ و کچێك یەکتر ببینن، یان دانیشن و چایەك بەیەکەوە بخۆنەوە، کاروان گوتی: پێش ئەوەی قسە لەسەر بابەتە سەرەکییەکە بکەین، نیوەڕۆ بەڕێزتان میوانی منن، با بچین نانێك بەیەکەوە بخۆین، ئینجا بەرەو باخچەی گڵکەند دەچین، شاراش لەبەر ڕاز و تامەزرۆی کار پێ بوونەکە، بە داواکارییەکەی ڕازی بوو، بە کاروانی گوت، بەڵام پێش ئەوەی بچینە خواردنگە، من دەچمە ئەو فرۆشگایە خاوەنەکەی مامۆستایەو برادەری باوکمە، تەلەفۆنێك بۆ ماڵەوە دەکەم، دەڵێم چاوەڕێم مەکەن کەمێك دوا دەکەوم.

شارا تەلەفۆنی کرد، بە جەواهیری دایکی گوت، بیری پوورە نازەنین دەکەم، سەرێکیان لێ دەدەم، ئەگەر دوا کەوتم دڵ لە دڵ مەدە!!

ئینجا بەرەو چیشتخانەی (تاجریان) هەنگاویاننا، نانی نیوەڕۆیان بە درەنگەوە لە بەشی تایبەت بە خێزان خوارد، بەدەم نان خواردنەوە خۆیان بەیەکتر ناساند، پاشان بە پیاسە بەرەو باخچەی گڵکەند هەنگاویان نا، کاروان، گوتی: ناوم کاروانە، خوێندکاری کۆلێژی پەروەردەم، باوکم ناوی (حاجی نادر)ە، فەرمانبەرە لە شارەوانی هەولێر، دایکم ژنی ماڵەوەیە و ناوی (نایلە)یە، برایەك و دوو خوشکم هەن، ماڵمان لە نزیك یاریگای (فەڕەنسۆ هەریری)یە.

دواتریش شارا گوتی: من ناوم شارایە، باوکم ناوی (شەفیق)ە، بە (شەفیقی حاجی برایم) ناسراوە، دایکم ناوی (جەواهێرە) خاوەنی شەش برام.

جا کاروان سەرەتا سوپاسی شارای کرد بۆ قبووڵکردنی ئەم یەکترناسینە و هاتنی

بەدەم داواکارییەکەی گوتی: لێت ناشارمەوە کە بەیانی تۆم بینی بۆ یەکەم جارمە ترپەی دڵم وا بەخێرایی بۆ خۆشەویستی کەسێك لێ بدات، کە پێشتر نەمبینیوە و نەمناسیوە، بەو جۆرە هانمبدات بێ ناسین بەدوای بکەوم، نازانم چۆن ئەم دیمەنە وەسف و وێنا بکەم، کە چەند هەستم بە دڵەڕاوکێ و ترس دەکرد، نەبادا بەدەنگ هەڵبڕین و شێوازێك ڕووبەڕووم ببیتەوە، دەمەوێ پێت بڵێم لەمەوبەر باوەڕم بە دڵداری و ئەوین و قسە کردن لەگەڵ کچان نەبووە، تا ئێرە وام هێناوە، زیاتر هۆگری کتێب و خوێندنەوە بووم، بەڵام کە بەیانی تۆم بینی دەتوانم بڵێم ڕاچلەکیم، شتێك لە تۆوە کێشی کردم، ڕاستیت دەوێ نهێنییەکەی نازانم، ئەمە چی بوو؟! دڵ و عەقڵ لەم دەم و دەستە، بەم خێراییە

باوەڕ ناکات، بۆیە لەم چرکەیەوە، ئەگەر خێری پێوەبێت و ئەم نیگایەی بەیانی بۆم کردی و ئێستاش وا یەکترمان ناسی .. مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە، بێ دوودڵی پێت بڵێم خۆشمدەوێی، تا لە ڕێگای ئەم خۆشەویستییەوە خێزانێکی قەشەنگ و بچکۆڵانە بێتە بەرهەم، لە سایە و ساباتی ئەم ئەوینە خۆشبەختی ببێتە هەوێنی ژیانمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئەوەش بڵێم، کتێب ئەوەشی فێر کردووم، ئەگەر تۆ مەیلت نییە و نەگەیشتییە قەناعەت، دواتریش بیری لێ بکەوە، ئەگەر باوەڕێکی یەقینت لا دروست نەبوو، (بە پێکەنینەوە)گوتی: یان خوانەکا ئەگەر کەسێکی تایبەتیش لە ژیانت هەیە، من لام ئاسایی دەبێت و بە ڕووحی وەرزشی وەردەگرم، وای دادەنێم کە ئەم یەکتر

بینینە و یەکتر ناسینە نەبووە و نەکرایە، خەونێك بوو، بینیمان.

شارا بەهەست و خۆشبەختییەکی زۆرەوە سوپاسی ئەم هەڵوێست و جوانبینییەی کاروانی کرد، پاشان شارا درێژەی بە قسەکانی دا و کۆمەڵێك بابەتی کۆمەڵایەتی، دەربارەی خوێندن و هاوڕێیەتی و ڕاستگۆیی خستە سەر خەرمانەی قسەکانی، کە لە قسەکانی نیمچە ناز و ڕازیبوونێکی پێوە دیار بوو، هیوای خواست بۆ دروستبوونی خێزانێکی بەختەوەر لە ئایندەدا، ئەگەر خوا یار و پشت و پەنا بێت.

داوا کاریش بوو لەمەر ئەم پەیوەندییە نهێنی پارێزبین، تا هەوڵەکانیان دەگاتە ئەنجام. لە درێژەی قسەکانی، شارا گوتی: باوەڕ بکە لەگەڵ یەکەم نیگات، منیش تەزوویێك، سۆزێك سەرتاپا جەستەمی

تەنی، خەیاڵ بەرەو جیهانێکی ئەوینداری و تەسلیمبوون بە واقیعی خۆشەویستی کردم. حەزم لێیە ڕاستییەکت بۆ باس بکەم، دواتریش خۆت سەرپشکی لە باوەڕکردن، یان نا، نەچێتە چوارچێوەی خۆهەڵکێشان، دەشتوانی لە هاوپۆلەکانم بپرسی، کە منیش لەم لایەنە چەندە دژە پەیوەندیی ئەوینداری و ئەو بابەتە بووم، هاوڕێکانم دەزانن چەندین کەسم ڕەتکردۆتەوە لە خوێندکاران، بەتایبەت کوڕانی بەرپرس و دەوڵەمەند و خاوەن کۆمپانیاکان. بۆیە لە ماڵەوەش بوومەتە خاوەن متمانە و نیمچە ئازادییەك، بە تایبەتی برایەکانم، هەمیشە دەبێ مرۆڤ باوەڕی بە گۆڕانکاری هەبێت و لەگەڵ ڕەوتی ژیان گوزەربکات، گونجاندن بکاتە پرۆگرام و بەرنامەی ژیان. ئەوە ئەمڕۆش

نازانم ناوی چی لێ بنێم، یان ناوی چی لێ بنێین؟!

شارا داوای لە کاروان کرد، کات درەنگە و کاتی ڕۆیشتنە بۆ ماڵ، کاروانیش خۆشحاڵی خۆی دەڕبری و تا سەر شەقامە گشتییەکە بۆ بەڕێکردن لەگەڵی هەنگاوی نا، بۆ کاتی بینین و قسە کردنی زیاتر مەوعیدیان دانا، ئیدی لەیەکتر جیابوونەوە.

شارا بەپەلە سەردانێکی ماڵی پووری کرد، تا دواکەوتنەکەی نەبێتە کێشە و درۆ لەلای ئەندامانی ماڵەوەیان، ئەو سیقە و متمانەی هەیەتی لەدەستی نەدات.

دواتر گەڕایەوە ماڵەوە و بە کەیف و سەیفێکی خۆش بەرەو ژوورە تایبەتەکەی ڕۆیشت، پەڕتووکەکانی پەیمانگەی دانا، خەریکی خۆگۆڕین بوو، لەبەرخۆیەوە دەیگوت بەڕاستی کاروان کوڕێکی ڕۆشنبیر و کراوە و جوانبین بوو، هەم ئەزموون

فێری ژیانی کردووە. وەك خۆی باسی کرد. خوێندنەوەی پەڕتووکی دەرەوەی پرۆگرامی خوێندن بۆتە خۆراکی مێشکی، بۆیە بە ڕەوانی و بەشێوازێکی ئەتەکێت و بە نەرمونیانی گفتوگۆ دەکات.

دواتر هەرخۆی گوتی دەبێ کاروان چۆن بڕوانێتە ئەو کچەی چەند کاتژمێرێکە ناسیویەتی، لەناو خەیاڵ و بینەوبەردەی ئەم دەردەشەیەی خۆی بوو، لەناکاو دایکی بانگی کرد و گوتی: کچم خێرە ئەمڕۆ ئەوەندە سەر و دڵت خۆشە، دەڵێی لە ماڵی پوورت نازەنین هەواڵێکی خۆشت هێناوەتەوە، شارا گوتی: ماڵی پوورم سڵاویان هەبوو، جەویان هەمیشە خۆشە و دەزانن چۆن دڵی میوان ڕابگرن، بۆیە تاکو ئێستاش بەسەر ڕوخسارمەوە دیارە، دواتر لەگەڵ دایکی خەریکی نانی ئێوارە بوون، بە خێرایی دۆڵمەیەکی بە گۆشتی پەڕاسوویان

خستە سەر ئاگر، بە دیوێکی تر شارا لە خوا پاڕایەوە، گوتی: خوایە گیان بەدرۆ بۆم حساب نەکەی، کە بە دایکم گوتووە لە ماڵی نازەنینی پوورم بوومە.

* * *

کاروان بیر دەکاتەوە، چاوەڕێی چی دەکات و بیری خۆشەویستی بەرەو چ ئاقارێکی بردووە، کاروان گەیشتەوە ماڵ، بینی میوانیان هەیە و ئامۆزایەتی لە تەمەنی خۆیەتی، گوتی یاخوا بەخێر بێیت ئامۆزا گیان، کاتیش درەنگە، ئەگینا پیاسەیەکی شەقامی باتا و ئەسواق سیروانمان دەکرد، تا هەندێك لە خەم و ئازارەکانی نیشتمانمان کەم بکردبا.

ئامۆزاکەی گوتی: نیشتمان تاوانی چییە؟ تا خەمی هەبێ، کاروان گوتی: ئەی چۆن نیشتمانێك لە ئامێزت بگرێ و بتلاوێنێتەوە،

گۆش و پەروەردەت بکات، بە هەوا و ژینگەیەکی پاك و تەندروست، تاوانەکە لەمەیە هەست بەم نیشتمانە نەکەین.

گوتی: سەیرکە ئامۆزا ئەو ڤێلا خۆش و سەردەمیەت بینیوە بەرامبەر ماڵی ئێمە، ئەمە کوڕێکیان هەیە بە ناوی هەندرێن لە ئەڵمانیایە، وەزعی ماڵەوەیانی فول کردووە، بۆ خۆشی زۆر دەوڵەمەند بووە، بە هایلایڤ دەژی.

کەچی کاکم لە کوردستان دکتۆراکەی تەواو کرد و لەسەر ئەم نیشتمانە خۆی پێگەیاند، دەزانی پێش ئەوەی کوردستان بەرەو هەندەران جێ بهێڵێت گوتبووی کوردستان کەی شوێنی مرۆڤە، تا تاکەکان پشووی تیا بدەن، ئەمە ڕێز و پاداشتی نیشتمانە، کەم نین ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە.

ئەم دکتۆرە بەڕێزە لەجیاتی خزمەتی هاونیشتیمانیانی خۆی و ڕۆڵەکانی پاشماوەی ئەنفاڵ و کەم ئەندامانی سەنگەر و خەباتگێڕەکانی ئەوێ ڕۆژێ بکات، بەڕاستی وەفای نواند، ئەمەش خەمێکی تری خستە سەر ئازارەکانی نیشتمان.

دواتر کاروان ئاهێکی پڕ لە ناسۆری هەڵکێشا و گۆتی ئەم خەمانە کۆتاییان نایێ ئامۆزا، ئەم نیشتیمانە هەموو جەستە برینە!! با واز لەوە بێنین، ئەرێ مام و مامۆژن چۆنن؟ تەندروستییان خۆ هەموو لا ساغ و سەلامەتن..؟ داوای لێبوردنیش دەکەم بە هۆی دەوامی کۆلێژ وەك پێویست سەردانم نەکردوون.

* * *

شارا ئەم شەوە هەرچییەکی دەکرد، وێنەی کاروانی دەهاتە بەر زەین و دیدەکانی، لە ژوورە تایبەتەکەی خۆی لەبەردەم پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە ئەو ئەستێرانەی کە شەوان بەدەم پێکەنینەوە دەبنە چاودێرێك لەسەر ئەو ئەویندارانەی بۆ چەند ساتێك لە ئامێزی یەکتردا هەناسەی ئۆخەی هەڵدەمژن، دواتر کزەبایەکی سارد بیرکردنەوەکەی پچڕاند و بە ناچاری پەنجەرەکەی داخست.

پاشان پەڕتووکەکانی ڕاکێشا بەردەمی و دوو کاتژمێرێك خوێندی و بێ ئاگا لە هەڵگرتنەوەی پەڕتووکەکانی، خەو بەسەریدا زاڵ بوو و خەوی لێ کەوت.

* * *

ئاخۆ دەبێ کاروانی شێت و شەیدا بە شارای نەشمیل، شارای قەشەنگ ئەم

شەوەی چۆن، دوور لە بینینی سیما و گفتوگۆکانی شارا بەڕێ بکات، وەك بینیمان کاروان لە قاتی سەرەوە، لە ژوورەکەی خۆی بە دەمر خەیاڵێکی خەماوییەوە، دەیگوت تا نەچیتە ناو دنیای خۆشەویستی، نازانی بیر و هزر و ئەندێشەت چەند مەشغوڵ و وەك تەونی جاڵجاڵۆکە ئاڵۆز دەبێ.

کاروان گوتی: ئای چەند حەز دەکەمر میلەکانی کاتژمێرە سۆنییەکەمر بە خێرایەکی جیاواز هەنگاو بنێ، ئاسۆی بەیانی ببینمر و بۆ چەند چرکەیەك بێت شارای گوڵ و دڵ ببینمر، وای شارا چەند کچێکی ڕووح سووك و پەریزادە دیاری، چەند جوان وشەکانت ئەدا دەکرد، چەند بە ئەتەکێت و بە شێوازێکی نەرمر و نیان خۆت ناساند.

خەیاڵ کاروانی بەرەو جیهانێکی ئەفسانەیی پڕ لە خۆشەویستی و دیدگایەکی

هەمەجۆری برد، بەدەم دەربڕینی چەند وشەیەك خەو ئیرەیی پێ برد.

* * *

شارا بەیانی لە خەو هەڵسا، پاش خواردنی لەتێك نان بە ماستی مەڕدارەکانی سنووری ونکە و عەلیاوەی نزیك دێگەڵە، کە باوکی هەمیشە بەدوای ماستی خۆش و بۆن سۆتی دەگەڕا، دواتر لەبەردەم ئاوێنەکە دوودڵ بوو لە هەڵبژاردنی ڕەنگ و ستایلی جلوبەرگەکانی، ئیدی بڕیاریدا تاقمێکی (پەمەیی پیازی) بپۆشێ.

شارا چونکە باوکی لە ڕێکخراوی (هابیتات) وەك چاودێرێك لە پڕۆژەکان کاری دەکرد و برایەکانیشی لە سەنتەری فاکس و ئەوانی تریش لە کۆمپانیا و تەندەرات کاریان دەکرد، وەزعی مادییان زۆر باش بوو، هەر بۆیە شارا لە ڕووی

جلوبەرگەوە لە مۆدێل و ستایلی تازەوە کێشەی نەبوو.

ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو شارا کەسانی هەژار و دەستکورتی زۆر خۆش دەویست لە پەیمانگا زۆرجار دەستپێشخەر بووە بۆ هاوکاری کەسانی هەژار و نەبوون.

شارا گەیشتە پەیمانگە و وەکو ڕۆژانی ئاسایی وانەکان دەستییپێکرد، وەڵێ جیاوازتر لە ڕۆژانی تر شارا لەکاتی ڕێستەکان زۆر کەمتر دەچووە گۆڕەپانی پەیمانگە و پیاسە لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلەکانی بکات، بگرە هەر لە ژوورەوە خەیاڵاوی دادەنیشێ، لاچکەکەی سەری کەمێك شل کردەوە، دەستی لە ناو قژە ئاوریشمییەکەی و کەمێك نێو چەوانی نابوو، بیری لای کاروان بوو.

شارا بەدەم ئاخ هەڵکێشانەوە سەری هەڵبڕی، بەڵام بینی زۆربەی کچە

هاوڕێکانی لە دیار سەری وەستاون، گوتیان هەرچەندە نابێ پرسیاری شەخسی بکرێت، بەڵام تکایان لێکرد نهێنیی ئەمر خەیاڵە و ئاخ هەڵکێشانەیان بۆ باسبکات، شارا هەرچۆنێك بوو زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێوە تەنك و خونچە ئاساکەی و گوتی: هیچ نییە کەمێك سەرمر ژاندەکات. دەستە خوشکەکانی پێکەنین و گوتیان: بمرین ئەگەر مەسەلە ژانە سەر بێت.

* * *

ئاخۆ کاروان کاتەکانی چۆن لە کۆلێژ بەڕێدەکات، چۆن کۆنترۆلی ئەو ئاگرەی دەروونی بکات؟ چۆن ئەو ماوە کورتەی لەگەڵ هاوڕێکانی ماوێتی بەسەری ببات!! وەك شارا ئەویش نەکەوێتە بەر تیری هاوڕێکانی .. هەرچەند بۆ کوڕ ئاسانترە، بەڵام بەڵێنی بە شارا داوە

ئەوینداریيەکەیان، تا ڕۆژی خۆی بە نهێنی بێ. ئیدی خۆشحاڵ و ئاسوودە لەگەڵ هاوڕێکانی لە گۆڕەپانی کۆلێژ، دەیگوت: برادەران ئەم ساڵ کۆتا ساڵمانە دواتر هەر یەکە و بۆ شوێنێك و دەوامێك و کارێك دەچین و لە یەکتر دادەبڕێین، بەڵام گرنگ ئەوەیە وەفامان بۆ ئەو چوار ساڵەی بەیەکەوە بوون هەبێ .. یەکتر لەبیر نەکەین، سەردان و پەیوەندییەکانمان ساردوسڕی تێنەکەوێت، بەڵام کاروان ئەو ماوەیە هەر دڵی سوار و خەیاڵی لای شارا بوو، بۆیە گوتی: برادەران بە ڕوخسەتتان من کارم هەیە، دەچمە لای سەرۆکی بەش و مۆڵەت وەردەگرم، بەرەو ژووری سەرۆکی بەش هەنگاوی نا، مۆڵەتەکەی وەرگرت و برادەر و زانکۆی جێهێشت.

ڕاستەوخۆ بەرەو پەیمانگەی مامۆستایان هەنگاوینا، ڕوخساری شارای هێنابووە

پێش چاوی خۆی، وردە وردە لەبەر خۆیەوە قسەی لەگەڵ دەکرد، ڕا و بۆچوونەکەی لەم خەیاڵە لێك نزیك بوو.

هەر کە کاروان گەیشتە پرسگەی پەیمانگا، پاش سڵاوکردن، بەو کوڕەی پشت مێزی گوت، خوێندکاری زانکۆی سەڵاحەدینم، ئەگەر ڕوخسەت هەبێ سەردانی برادەرێك دەکەم. فەرمانبەرەکە بە هەڵسوکەوتی کاروان سەرسام بوو، مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی دا، ئیدی شارای دۆزیەوە، کە شارا کاروانی بینی خەریك بوو لە خۆشییان بفڕێ، پێی گوت: با بچینە کافتریای پەیمانگا.

شارا پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەم سەردانەی کاروان و گوتی: کارێکی باشت کرد هاتی، کاروان گوتی: شارای گوڵ و دڵ دەزانی ئەو ماوەیە شەوانە لەگەڵ ئەستێرەکان ئێشك دەگرم و وێنەت نەخشی

یادگارە، وێنەت وەك پەیكەرێك لە ژوورەكەم هەڵواسرا بێت وایە، من لە دووریت ئۆقرە ناگرم، تكایە خەمێك لەم دڵە غەمبارەم بخۆ.

شارا گوتی: من!

كاروان گوتی: بەڵێ .. بەڵێ ..

شارا بەدەم پێكەنینەوە ئەمە ڕازی دڵی منیش بوو تۆ دەرت بڕی، وامزانی هەر من وام .. كاروان وەك ئەوەی لە ڕووی ماددییەوە وەزعی باشە تا شارا هەست بە هەژاری ماڵەوەیان و گیرفانی نەكات و دڵی خۆش بكات، نەك بۆ ئەوەی دەستخەڕۆی بكات، تووشی هەڵدێری بكات، بەڵكو لە میانەی پیاسەكەیان شارا دڵی تەنگ نەبێ.

كاروان بە پێكەنینەوە سەیری چاوە جوانەكانی كرد و گوتی: من زۆر دەمێكە حەزم دەكرد كچێكی وەك خۆت ئاسا بدۆزمەوە دڵی لە پەمۆ نەرمتر بێت،

هەستی لە گوڵە زورنا ناسکتر بێت، خەیاڵی وەکو شەوبۆ و نەسرین و یاسەمین ڕازاوەتر بێت.

شارا زۆر سوپاسگوزاری ئەم هەڵوێست و ئەم چەند دێرە ناسك و جوانانە بوو، کە کاروان بەرامبەری دەربڕی، شارا گوتی چ دەخۆیتەوە، مالیتایەك، سیتۆیەك، تا لە درێژەی یادگارییەکان ئەمەش ببێتە پەرەگرافی بیرەوەرییەکان.

شارا بە خاوەن کافتریاکەی گوت: جگە لە (مالیتا)، کاروان گوتی: نەستەلەیەکیش بێنە، شارا بۆ خۆی داوای سیتۆیەکی کرد و گوتی: ئەرك نەبێ قەسەبێکی لەگەڵ بێنە.

کاروان دەیویست پارەکەی واسڵ بکات، شارا بە توانجێکەوە گوتی: جوێنمان پێ مەدە کوڕی باش جەنابت میوانی منی، بەهەرحاڵ شارا پارەکەی واسڵ کرد، پاشان

درێژەیان بە پیاسە و گفتوگۆی نێوان و ئەویندارییەکەیان دا.

کاروان گوتی: شتێك هەیە حەز دەکەم باسی لێوە بکەم، ئەویش تایبەتە بە وەزعی خۆم، مەسەلەی هەژارییە، دیارە نامەوێ وەك هەندێ گەنجی ئەم سەردەمە، کە خاوەنی هیچ سەرمایەك نین، کەچی خۆیان هەڵدەکێشن و خۆیان دەکەنە خاوەنی ئۆتۆمبێل و خانوو، بزنسی خۆیان، کەچی واش نییە.

پێمخۆشە پێت بڵێم ئەگەر خزمەکانم هاوکاریم نەکەن هاوسەرگیریم پێ ئەنجام نادرێ، ڕاستە خانووی خۆمانە و لە ماڵەوە کەموکوڕیمان نییە، بەڵام خاوەنی پارەو پوڵ نین.

شارا گوتی: ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ بێنە، گوتی کە من داواکەی تۆم قبووڵکرد.. نازانم دڵم بوو، یان ئەقڵم، یان

هەردووکیان بڕیاریاندا، من نە بۆ ئۆتۆمبێل و نە بزنس، نە دەوڵەمەندی تۆم گەرەکە، مەسەلەی دەوڵەمەندی لای من کێشە نییە .. ئەگەر ئێمە _هەردووکمان_ هەبین .. پارە و ئۆتۆمبێلیش دەبێ .. گرنگ خۆشبەختییە، گرنگ لێك تێك گەیشتنە .. بە یەکەوە هەڵبکەین و بە یەکەوە بگونجێین ..

ئەگەر بە یەکەوە گونجان و لێك تێگەیشتن لەنێوانماندا هەبێ، بێگومان ڕازیبوونی دوو دڵ.. دروستبوونی عەشقێکی پاك، مەسەلەی دەوڵەمەندی و هەژاری بێ سێودوو لە لایان ڕەتکراوەیە.

شارا گوتی: کاروان گیان پێم خۆش نییە جارێکی تر ئەم مەسەلەیە باس بکەیت.

کاروان دیاربوو بەم وەڵامانە زۆر دڵخۆش بوو، سوپاسی ئەم هەستە جوانەشی کرد، گوتی: من دەڕۆم نەبادا کاتم زۆر لێت گرتبێ، بەڵام بیرم کەوتەوە

با ژمارەی تەلەفۆنی نۆرماڵی ماڵەوەمان لای یەکتر بێت بۆ هەندێ مەوزووعی تایبەت و پێویست.

شارا گوتی: باشە، بەڵام شەوان تەلەفۆن مەکە، گونجاوترین کات پاش نیوەڕۆیانە، کە تەنیا من و دایکم لە ماڵەوەین، ژمارە تەلەفۆنەکانی ماڵەوەیان دا بە یەك و پاش خوداحافیزی، یەکتریان جێهێشت و بەرەو ماڵ هەنگاویان نا.

* * *

کاروان گەیشتەوە ماڵ، بینی دایك و باوکی لە تەنیشت یەکتر دانیشتوونە، هەرکە کاروانیان بینی زەردەخەنە کەوتە سەر لێوانیان و پێکەنین، کاروان گوتی: هەمیشە بە خۆشبەختی و کامەرانی و لێو بە بزەوە بتان بینم ئەی جوانترین دایك و

باوك، بەڵام هیچ دەنگوباسێکی خۆش هەیە من نەیزانم.

دایکی گوتی: ڕۆڵە کاروان ڕێك بەسەر باسی خۆتەوە هاتی و باسی تۆمان دەکرد، کاروان گوتی: إن شاء الله ئەگەر خێری پێوەبێت و خوای گەورە ڕەزامەند بێت.

دایکی گوتی: ڕۆڵە ئەوە شوکر ئەمساڵ خوێندنت تەواو دەبێ و دەبیە خاوەن شەهادە و مەعاش و پارەی خۆت، دەمانەوێ تا لەگەڵ باوکت لە ژیان ماوین، خەمێکت لێ بخۆین و تۆش ببیتە خاوەن خێزان و ماڵێکی بچکۆڵانەت بۆ پێکەوە بنێین.

بەڕاستیش دەمانەوێ (نەهلەی) ئامۆزات بۆ داخوازی بکەین، پێش ئەوەی کاروان هیچ قسەیەك بکات، باوکی خۆی کێشا ناو قسەکان و گوتی: نەهلەی ئامۆزات بڕوانامەی هەیە و لە منداڵییەوەش

دەیناسین و پێویست بە گەڕان و ئەملا و ئەولاش ناکات، لەو باوەڕەدام بۆ تۆ زۆر گونجاو بێت، مامیشت زۆر دڵخۆش و ئاسوودە دەبێت کچەکەی بداتە برازاکەی.

کاروان بێ ئەوەی خۆی تێکبدات، یان یەکسەر ئەم تەگبیر و خەمخۆرییەی دایك و باوکی ڕەت بکاتەوە، گوتی: بەڕاستی من زۆر دەستخۆشیتان لێ دەکەم، ئێوە نموونەی دایك و باوکێکی باشن. دەتانەوێ خەم لە کوڕەکەتان بخۆن و تووشی کێشەی لابەلا نەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا بە هۆی زۆر تێکەڵاویمان و نزیکیمان هەرگیز، نە دڵم، نە هەستم، نە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرم لە نەهلەی ئامۆزام نەکردۆتەوە، بۆیە پێموایە پڕۆسەی هاوسەرگیری پڕۆسەیەکە دڵ بڕیار دەدات، نەك چاو، یان لایەنە کۆمەڵایەتییەکە. هاوسەرگیری پرۆسەیەکی

دوور مەودایە و کاتی نییە، تا گۆڕانکاری پێ بکەیت، ئەگەر بە دروستی بیری لێبکەیتەوە.

دواتر گوتی: بە دڵنیاییەوە ئێوە سەرکەوتنی منتان دەوێ، بۆیە دەستنیشانکردنی هاوسەرگیری بە دانیشتنێك و دوان زۆر جار ئامانج ناپێکێ.

باوکی گوتی: دیارە بە نەهلەی ئامۆزات ڕازی نیت؟

کاروان گوتی: باوکە گیان مەوزووع ڕازیبوون و نەبوون نییە، ئەمە پەیوەندیی بە دڵ هەیە دڵ، ئەگینا نەهلە زۆر کراوە و مەقبووڵ و ڕێز لێگیراوە لای من و خانەوادەکەمان و ئەوە دنیایە بەڵکو ئەویش دڵی بە یەکێکی دیکەوەیە.

دایکی کاروان گوتی: ڕۆڵە ئەمن باوەڕ ناکەم، نەهلە شتەکی دی هەبێ.. بەڕاستی بۆیە چاوم لەسەرە، چونکە کچێکی زۆر بێ دەنگ و گرانە، لە کچی ئەو زەمانە ناچی،

دڵنیام بە هەژاری ئێمەشی شەرم نییە، ئەو دەتوانێ ئاسوودە و دڵخۆشت بکات.

کاروان گوتی: بۆ ئەوەی ئەو بابەتە درێژەی نەکێشێ و نەبێتە مەوزووع، نەهلەی ئامۆزاشم تێ نەگات و هەستی بریندار نەبێ، تکایە لێرەوە ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێنن و ماڵی مامم نەزاننەوە، تا ساردییەك نەکەوێتە نێوانمان.

دایە گیان ئەمڕۆ لە زانکۆ زۆر شەکەت و ماندووبوومە داوای لێبووردن دەکەم، پێویستم بە سەرخەوێکە .. دەچم کەمێك پشوو دەدەم.

لە ڕاستیدا ئەم باس و خواسەی دایك و باوکی کاروان بۆ کاروان لەناکاو بوو، پێشتر هەر بیریشی لەو مەسەلەیە نەکردبۆوە .. هزر و بیری کاروانیان بەرەو خەیاڵێکی جەنجاڵ برد .. ئەوە چی بوو لەو دەمە هاتە پێش!!

ئەم قۆناغە بۆ شارا هەندێك قورس بوو، خوێندن لە لایەك و هاوكاری دایكی بۆ كاروباری ماڵەوە و لەلایەكی تر، بابەتی پەیوەندیی لەگەڵ كاروان لە ڕووی مێشكەوە ناخۆشتر و قورسترە لە كاری دەستی و هێزی جەستەیی، بەدیار پەنجەرەكەی ژوورەكەی وەستاوە و خەیاڵ لە هەر شتێك دەكاتەوە، هەر سیما و وێنەی كاروانی لەبەرچاوە، دەست بۆ پەڕتووكی دەرسەكانی دەبات، لەبەر كاروان دەرس و وانەكانیشی بۆ لەبەر ناكرێ و بەشێكی خوێندنەكەشی بۆتە كاروان، لە خۆی دەپرسێ: ئەم گۆڕانە لەناكاوە چی بوو؟

ئەوەندە هۆگری كاروان ببوو دەیگوت لە ژێر دێرەكانی وێنەی كاروانم تیا دەبینی، خۆشی هەستی پێ دەكرد ئاستی خوێندنی دابەزیوە، بەڵام ڕێگاچارەی نییە، بۆ

بەربەستکردن و شکاندنی ئەو تەوقە تا کاریگەریی لە خوێندنەکەی نەکات.

شارا پێی باش بوو لە دیداری داهاتوویان پێشنیاری ئەوە بکات، کە تەخەروجیان کرد،ماڵەوەیان ئاگادار بکاتەوە و بێتە داخوازی، تا هیوا و ئاواتەکانیان لە بەرزترین ترۆپك لەنگەر بگرێ و خێزانێکی بەختەوەر و نموونەیی پێك بهێنین.

* * *

کاروان بەیانییەکەی کاتژمێر (١٠) لەخەو هەڵسا، ئەمر ڕۆژە دەوامی زانکۆی نەبوو، دایکی گوتی: ڕۆڵە وەرە نان و چا ئامادەیە، کاروان گوتی: دایکە گیان هێشتان سەر و دڵم نەبۆتەوە، تەنیا چایەك دەخۆم و دەڕۆم پیاسەیەکی بازاڕ دەکەم لە گەس سیروان لەفەیەك دەخۆم.

که هاتمەوە باس لە بابەتێکی خۆم دەکەم، دەبێ لەگەڵ باوکم هاوکارم بن، دایکی گوتی: خێرداربێت إن شاء الله، پاش چاخواردنەوەکە، کاروان بەرەو بازاڕ ڕۆیشت.

کاروان لەبازاڕ بەرەو لای پەڕتووک فرۆشەکانی لای قەڵا خزی، هەمیشە سەوداسەرییەکی لەگەڵ پەڕتووک خوێندنەوە هەبوو، پیاسە و خولیای ئەو ناو دنیای کتێب و خوێندنەوە بوو، لەگەڕانەوەش وەك پیشەی هەمیشەیی بەینێك لە چایەخانەی مەچکۆ دادەنیشت و پشووەکی دەدا.

ئەو ماوەیەی کاروان لە بازاڕ بوو دایکی هەر چاوی لە دەرگا بوو، تا بزانی کاروان باسی چی لەگەڵدا دەکات. کاروان گەڕایەوە ماڵ و دایکی زۆر پەڕۆش بوو، پاش خۆگۆڕین و پشووەکی کورت، کاروان لە

ژوورەکەی بەرەو لای دایکی ڕۆیشت. بە دایکی گوت: دەزانم چاوەڕێم بوویت، ئەی کوا باوکە خۆشەویستەکەم، ئەرێ دایکە باوکم کاتی خۆی چۆن هاتە داخوازی تۆ، ئێوە پیشتر یەکتریتان بینیبوو؟ ڕۆڵە دەتەوێ بە پاساوی ئەم پرسیارە زۆر ڕابردووانە مەبەست و قسەکەی خۆتم پێ نەڵێی! سەردەمی ئێمە لەگەڵ ئێستا ئێرەو ماڵی خوا جیاوازە، ئەگەر باوەڕدەکەی، کە باوکت هاتە داخوازی من، تەنانەت یەکجاریشم نەبینیبوو، پاش نیوەڕۆیەکی دوو سێ میوانمان هات و منیش (چا) و (ئاو)ێکم بۆ بردن، پلکم (هەمینە) گوتی: ئەو قات شینە هاتۆتە داخوازیت، هەر ئەوەندە و پاش ماوەیەك گوتیان هەردوو لا ڕازین و ماڵی فلان هەر قۆناغ و پیاو باش بوونە ئەوها بووە قسمەت.

کاروان گوتی: دایکە گیان من دەمەوێ پاش دەرچوونم لە خوێندن یەکسەر هاوسەرگیری بکەم. بۆیە دەمەوێ لە ڕێگای خۆتەوە بە باوکم بڵێی، کە کاروان پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ کچێك هەیە بە مەبەستی هێنان و خێزان پێکەوە نان، دایکی کاروان لە خۆشیان زۆر نەمابوو باڵ بگرێ، گوتی کوا بۆ ئەو ڕۆژە خۆشە، ببینم ئاهەنگی ئاسوودەیی ئێوە ساز بدرێ، سێ شەو و سێ ڕۆژ لەم گۆڕەپانەی بەرامبەرمان دەهۆڵ و زوڕناتان بۆ بگێڕین..!

کاروان گوتی: ئەی بۆ مەسەلەی پارە و کڕینی زێڕ هانا بۆ کێ بەرین؟

دایکی گوتی: بە قوربانی خۆت و ئەو ڕۆژە بم، کە تۆ دەبیە جوانترین زاوای مەملەکەت، خەمی پارەت نەبێ، من زێری قەدیمم هەموو بۆ هەڵگرتی، باوەڕ دەکەی

لە زۆر کاتی پێویست، تەنانەت لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، کە بووە قاتوقڕی و برسیەتی ئەم زێڕانەم نەفرۆشت!! دواتر ڕۆڵە گیان کاری خێر بە تایبەتی هاوسەرگیری لەلایەن خوای گەورە کار ئاسانی زۆری تێدایە.

کاروان بەم هەواڵەی دایکی دڵخۆش و کامەران بوو، هەواڵەکە بۆ کاروان مژدەیەکی زۆر خۆش بوو.

* * *

شارا ئەو ڕۆژانەی دەوامی پەیمانگەی نەبوایە، هەمیشە هاوکار و بەردەستی دایکی دەکرد بۆ پاککرنەوەی ماڵ و سڕینەوەی دەرگا و پەنجەرە و کەوەنتەر، ئەو ڕۆژەش دیاربوو کارەکانیان بەرەو کۆتایی بوو، دایکی گوتی: پشووەك بدەین، ئینجا وەرە مەوزوعێك هەیە لەگەڵت باس

بکەم، ئەو ماڵەی بەرامبەرمان باجی (شیرین) ئەمە دووجارە، کە دادەنیشین باسی تۆ دەکات، دەڵێ شارای دەکەمە بووکی خۆم، شارا گوتی: کامە کوڕ؟ دایکی گوتی: باجی شیرین دەڵێ کوڕەکەم ئەفسەرە و پلەدارە.

دایکی شارا گوتی: هەرچەندە من بە ماڵی باجی شیرینم شەرم نییە، بەڵام قسەی تۆشم پێ نەبوو، بۆیە گوتم خۆت دەزانی کچی ئەم سەردەمە بڕیاری ئەوەل و ئاخیر بە دەستی خۆیانە. لەگەڵ ئەوەش کچی من خوێندکارە و ماوەیەکی دیکە دەبێتە مامۆستا.

شارا سەرێکی نابەدڵی لەقاند و گاڵتەی بەم قسانەش دەهات. مامۆستا و ئەفسەر دوو سلکی زۆر جیاوازن.

شارا گوتی: بۆیە باجی شیرین زۆر لە من دێتە پێش، لوتف و سۆزی بۆ من هەیە،

لەناو گەرمەی ئەم گفتوگۆیە، تەلەفۆنی ماڵەوەیان زەنگی لێدا، ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی تر بەس ژمارەکە خەزن نەکراو بوو، گوتی ئەلوو فەرموو، سەرچاو بژی سەلامەت بیت، جەنابت کێی دەنگی کاروانی نەناسییەوە، چونکە یەکەم جاربوو تەلەفۆن بۆ ماڵییان بکات.

گوتی: شارا گیان کاروانم، چۆنی؟ ماڵەوە چۆنن؟ ئەی کاتێکی خراپ نەبوو؟ شارا گوتی: ناوەڵڵا خراپ نەبوو وەك کات، بەس خراپ لەوەدایە کە تەلەفۆنت کرد، دایکم باسی ئەو ماڵەی بەرامبەری بۆ دەکردم، کە دوو جار توانجی لە دایکم داوە من بکاتە بووکی خۆی، بەڵام دایکم نیمچە ڕەفزێکی پێ داوە بە بیانووی ئەوەی کچەکەی جارێ خوێندکارە.

کاروان وەك ئەوەی گوێی لەم مەوزووعە هەر نەبووە، یەکسەر گوتی:

بۆیە تەلەفۆنم بۆ کردی ئەم بەیانییە بە دوور و درێژی باسی خۆ ئامادەکردنمان کردووە بێینە داخوازی ئەو گوڵەی بۆتە خەون و خۆراکی ڕۆژانەم، بێینە سەر ڕایەخی ماڵی باوکت و لەسەر شەرعی خوا و ئایینی ئیسلام بە پاکی و بەوپەڕی شانازییەوە مارەت بکەم.

کاروان بە دڵخۆشی و بەوپەڕی ئاسوودەییەوە گوتی: شاراکەم دەزانی کێشەی (مارەیی و زێڕ) کڕینشمان نابێ، هەرچەندە دەزانم شارای دڵ و ڕۆح زۆر لەم بابەت و شتانە گەورەتری، بەڵام من لە ڕووی دەروونییەوە ئێستا ئاسوودەترم.

شارا گوتی: هەمیشە هەر خۆش مژدانەبیت و چۆن خوای گەورە قەڵەمی لێداوە با وابێت، شارا لە ڕوخساری ڕووناکی دەباری، نەك لەبەر زێڕ و پەیداکردنی پارە لەلایەن دایکی کاروان، بەڵکو لەبەرئەوەی

کاروان خاوەنی بەڵێن و پەیمانی ڕاستگۆیی خۆی بوو.

شارا گوتی: دەزانی ئەمڕۆ پشووم بوو، زۆر هاوکاری دایکمم کرد، بەس ڕۆژێکی ئاسایی نەبوو، دەزانی تەلەفۆنت نەکردبایە، خۆم تەلەفۆنم دەکرد، بیرکردنێك بیرم دەکردی ئێستا نازانم چۆن وەسفی بکەم.

کاروان گوتی: من پێم باشە ئەم بابەتە لای دایکت بدرکێنی و با پشتگیری دایکت بەدەست بێنین. پێم خۆشە یەکتر ببینین.

شارا گوتی: زۆر باشە بەیانی کاتژمێر (یەك و نیو) وەرە چاوەڕێت دەکەین، با دایکیشم بتناسێ، بە ڕاشکاوی قسەی خۆت بکە، تا دایکم دڵی ئاسوودەبێت و بزانێ تۆ نیازت پاکە و بە مەستی پێکەوەنانی خێزانە، نەك کات کوشتن.

کاروان گوتی: ئاخر من شەرمدەکەم، با لە کۆتایی دانیشتنەکە بێت و منی پێ بناسێنە شارا گوتی: ناونیشانی ماڵمان لەبیر نەکەی (٢) کۆڵان بەلای قوتابخانەی شنەی سەرەتایی. دەرگامان ڕەنگی ڕەساسییە، سندوقێکی پۆستی ڕادیۆی ئازادی لەبەر دەرگامان دانراوە.

کاروان خوداحافیزی لە شارا کرد و شاراش گەڕایەوە لای دایکی، دایکی شارا گوتی: کچم ئەوە کێ بوو؟ شارا بە دوور و درێژی هەموو سەین و بەینی خۆی و کاروانی بۆ باس کرد، پێیی گوت: بەیانی دێتە خزمەتی جەنابت قسەی خۆتی لەگەڵ بکە و دواتر سەری من نەخۆی.

دایکی گوتی: زیاتر بیناسین، شارا گوتی: دایکە ناوی کاروانە، خوێندکاری دوا قۆناغی کۆلێژی پەروەردەیە، کوڕێکی باش و ڕاستگۆ و ڕۆشنبیرە، لە خانەوادەیەکی

مامناوەندن. بەیانی دێتەماڵمان، چ شەرت و قەیدێکت هەیە لەگەڵی باس بکە. دایکی گوتی: ئێوە لەسەر هەموو شتێك پێکهاتوون. شارا گوتی ئێمە شەرتمان تەنیا ڕێزگرتنە لە نێوانمان.

دایکی گوتی: ئەگەر کوڕێکی باش بێت و تۆی خۆشبوێت و قسەمان نێتەوە سەر، من هاوکار و پشتیوانتان دەبم.

شارا گوتی: دایکە گیان بەخوا نەك قسەت نایەنتەوە سەر، بۆ خۆت بپرسە بزانە کوڕێکی چەند ڕۆشنبیر و قسە خۆش و هێمن و لەسەرخۆیە.

دایکی گوتی: من چیم لێی دەوێ ئەگەر لەبەر تۆم نەبێ، دەمەوێ پاشەڕۆژتان ئاسوودە و بەختەوەر بێت لە ژیان، شارا سوپاسی دایکی کرد، هەم بۆ ئەم متمانە و بۆ ئەو وشە جوانەی دایکی.

بیرکردنەوە و خۆ ئامادەکردنی کاروان لەمەر ئەم سەردانەی بۆ ماڵی شارا، کاروانیش پێی باش بوو قسە لەگەڵ دایکی بکات و پەیامەکەی بە باوکی بگەیەنێ، کە کچێکی دەستنیشان کردووە. ماوەیەکی کەمی ماوە دەبێتە مامۆستا، جا بەرنامەڕێژییەك بکات بۆ دەستنیشانکردنی دوو سێ خزمی قسەزان و ڕێکوپێك و بە ئەتەکێت تا داخوازییەکەی بۆ بکەن، بە دایکی گوت: دایکە گیان تۆ لە زمانی باوکم تێدەگەی بتبینم و نەتناسم چۆن قسەی خۆشی بۆ دەکەی، کەی پێم گوت با ئەم کەسانە ئاگادار بکاتەوە.

هەروەها کاروان بە دایکی گوت: ئەگەر باوکم باسی نەهلەی ئامۆزامی کردەوە پێی بڵی لەو مامۆستایە زیاتر کەسی دیکەی ناوێ. دایکی گوتی: نا نا کوڕم، باوکت دنیادیتەیە چۆن نکۆڵی دەکات، خۆ

**سەردەمی کۆن نییە، بە زەخت و بە عینادی ژن داخوازی بکرێ.**

**کاروان گوتی: دایکە من بەیانی بڕیارە بچمە ماڵی شارا، هەموو ڕاز و نیازی خۆمان بۆ دایکی شارا باس دەکەم، گوتی: کوڕم شارا ناوێکی چەند خۆشە، پێ دەچێ بە گوێرەی ناوەکەی دەبێ زۆر جوان و شازادە بێت، دواتر کاروان دایکی جێهێشت و هەندێك واجباتی زانکۆی چاوپێخشاند و خەریکی خوێندن بوو.**

*** * ***

**شارا پاش نان خواردن خوداحافیزی لە دایکی کرد و بەرەو مەوقیفی پاسەکان بەڕێ کەوت، لەناکاو ئوتومبێلێکی (ئۆپڵی) تازە مۆدیلی ڕەنگ سپی لە تەنیشتی ڕای گرت و بەیانی باشی لە شارا کرد، تەکلیفی لە شارا کرد بیگەیەنتە شوێنی دەوام، تەکلیفی**

شوفێرەکە لەمە دەچوو، خزمێکی نزیك و ناسیاوی شارا بێت، بەڵام شارا نایناسێت و نازانێ ئەم شوفێرە کێیە!!

شارا گوتی: دنیایەك سوپاس، وا بزانە منت گەیاندووە، بەس بزانم جەنابت کێی تا لەماڵەوە باسی ئەم هەڵوێستەت بکەم، شوفێرەکە گوتی: واتە من ناناسی؟

شارا گوتی: بمبەخشە نەوەڵڵا ناتناسم و قەت تۆم نەبینیوە.

شوفێرەکە گوتی: من (هەرێم)ی کوڕی باجی شیرینی دراوسێتانم.

شارا گوتی: خۆشحاڵم بە ناسینت، بمبەخشە، دەبێ من بڕۆم هاوڕێکانم لە مەوقیفی پاسەکە چاوەڕێمدەکەن.

کاکی ئەفسەر بە نابەدڵی بەڕێکەوت و ڕۆیشت، بەڵام هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد ئەم کچە لەگەڵی سواری ئۆتۆمبێلەکەی نەبێت و ڕەفز وەربگرێ، ئەو

پێی وابوو بە مەمنونی بەدەم داواکاری و دەنگییەوە دێت.

شارا لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەم کوڕە زۆر منی دیوە و چاودێری منی کردووە، ئەگینا چۆن یەکسەر هاتە پێش من و تەکلیفی گەیاندنم دەکات.

شارا ئەم ڕۆژە زۆر بە کەیف و دڵخۆشییەوە لەگەڵ هاوپۆلەکانی کاتەکانیان بەڕێکرد.

* * *

کاروان پێچەوانەی شارا ئەو ڕۆژە لە کۆلێژ مێشکی زۆر سەرقاڵ بوو، لە وانەکان، لە کافتریا، لە گۆڕەپانی کۆلێژ، تەنانەت لە پیاسەکردنی لەگەڵ هاوڕێکانیشی خەیاڵی هەر لەو سەردان و چوونی بۆ ماڵی شارا بوو، ئەو خوازیار بوو بە تەنیا لەگەڵ شارا دابنیشێ، تا بە

ئازادییەکی ڕەها و بێ پەردە زۆربەی ئەو باسوخواسانەی پەیوەندیی بە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە هەیە قسەی لەسەر بکەن و بەرنامەڕێژی بۆ بکەن، تا باس و بابەتێکی وا نەمێنێتەوە ماڵی هەردوو لای پێ سەرقاڵ بکەن.

لەلایەکی تر ناخۆشیشە بۆ یەکەم جار بچیتە ماڵێك کەست پێشتر لێ نەناسیبێ و بتوانی بابەتێکی چارەنووسساز و گرنگ لەگەڵیان باس بکەی، کاروان لە دڵی خۆیدا دەیگوت دەتوانم بڵێم یەکەمین ڕۆژی زانکۆمە ئەوەندە ڕاڕا و نائاسوودەبم.

سێ بەشە وانە (محازەرە)ی خوێند بوو، گوتی: بچمە سەرتاشخانەی جیهان و لەوێش بۆ گەرماوی شیفا، بەڵکو هەندێك بایەخ بە خۆم بدەم، سیما و جەستەم زۆر هیلاك دیارە، کاروان وا سەرقاڵە دەبێ شارا چۆن پیشوازی لە ڕۆژێکی وا بکات، چونکە

ئەم دیدارە جیاوازە لە دیدار و پیاسەکانی تری ژیانی کاروان و شارا.

کاتژمێر یانزدە و نیوی نیوەڕۆیە، شارا ئەم ڕۆژە چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەر شان، دەیەوێ ئەو میوانە بە جوانترین شێواز و ڕێز و بە چەندین خواردنی هەمەجۆر و بە سیما و ئەتەکێتێکی ناوازەوە، بە ڕوخسارێکی نەشمیلانەوە، هەم پێشوازی بکات، هەم بەڕێی بکات.

ئەوەی شارای زۆر دڵخۆش و کەیفساز کردبوو، هاوکاری و کارئاسانی دایکی بوو، چ لە ئامادەکردنی شیرینی و شەربەت و چەرەزات و میوەجات، چ لە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی، بە هەرحاڵ بۆ کاتی دیاریکراو ئامادەکارییەکی باشیان کرد.

کاروان گەڕایەوە ماڵ، سەر و سیمای لە زاوایەکی ناوازە و شاز دەچوو.

زۆر خاوێن و چاکەت و پانتۆڵەکەی زۆر جوان لێ دەهات، تەنانەت دایکی هەستی بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی کوڕەکەی دەکرد. لە دڵی خۆیدا پەنای بۆ خوا برد و داواکار بوو لە پەروەرێن بۆ هەمیشە کوڕەکەی دڵخۆش بکات.

ئەو نیوەڕۆیە دایکی کاروان شفتەیەکی زۆر خۆش و لە پاڵی هەندێك نیسکی بۆ کاروان ئامادە کردبوو، گوتی دایکە گیان (چا)یەکی بەهێڵ و بۆندار و خۆشم بۆ ئامادە بکە، بەڵکو خۆم بگۆڕم و بەرەو ماڵی شارای دڵ و گوڵ بەڕێ بکەوم.

کاروان بۆ ماڵی شارا بەڕێکەوت ، گەیشتە کۆڵانەکە بیری کەوتەوە، کە شارا پێی گوتبوو سندوقێکی ڕادیۆی ئازادی لەبەردەم دەرگایان هەیە، بەڵام کاروان بۆ دڵنیابوون لە مندالێکی پرسی، ڕێك ئەو دەرگایە بوو، کە منداڵەکە ئاماژەی پێکرد.

که له دەرگای دا، شارا دەرگای کردەوە، که بینی کاروانە، هەردووکیان سەرسامییەك و دڵخۆشییەك به سیما و ڕوخسارییان دیار بوو، پاش چەند چرکەیەك بێدەنگی و مات بوون ئینجا شارا به ئیشارەت فەرمووی لێ کرد و بەرەو ژووری میوان هەنگاویان نا.

پاش بەخێرهاتن و هەواڵ پرسین کاروان گوتی: ئەی کوا دایکت، شارا گوتی باوەڕبکە چەند چرکەیەك پێش هاتنی تۆ ئەو باجی شیرنەی جیرانمان بانگی کرد، گوتی کارم پێتە و وا له ماڵی ئەوانە، کاروان وەك نەریتێکی باوی ڕۆژهەڵاتی، سەرەتا ئەو قسەی کرد و ئەو ڕێچکە شەرمەی شکاند، ڕاستەوخۆ چووە ناو بابەتی دروستبوونی پەیوەندییە خۆشەویستییەکە و ئەو بەڵێن و نیازپاکییەی له سەرەتاوە هەیبووە، گوتی: شوکر بۆ خوا تا ئەم قۆناغە به ڕاستگۆیی و

به پاکی و بێ بەرژەوەندی هێناومانە إن شاء الله ئەگەر یەزدان مەیلی لێ بێت و پینووسەکەی لێ دابێت کۆتاییەکەشی بە خۆشی بێت.

ئومێدەوارم ئێوەش ئێوارە دانیشتنێکی لەسەر بکەن و لێك تێگەیشتن و قەناعەتێکی تەواوی لەسەر دروستبکەن، تا زۆربەی ڕاو بۆچوون لە بەرژەوەندیی هاوسەرگیرییەکەمان بدرێت بۆ ئایندەی هەردووکمان باشتر و خۆشتر دەبێ.

کاروان ئەوەشی گوت، کە لەلایەن ماڵەوە ڕەزامەندیم وەرگرتووە و چاوەڕێی وەڵامی ئێوەی بەڕێزین، شارا زۆر سوپاسی هەڵوێست و ڕاستگۆیی و سەردانەکەشی بەتایبەت کرد، دواتر بە کاروانی گوت: ئەو ڕۆژە، کە تەلەفۆنت کرد هەموو شتێکم دەربارەی تۆ بە ڕاشکاوی بە دایکم گوتوە.

کاروان پرسی: دایکت هەر نەهاتەوە، شارا گوتی کاروان مەوزووعێك هەیە دەمەوێ زانیاریت لەسەری هەبێ، ئەو باجی شیرینە کوڕێکی هەیە ئەفسەرە، ماوەیەکی زۆرە ئەم ژنە واز لە دایکم ناهێنێ و دەڵێ دەبێ ئەم کچەت هەر ببێتە بووکی من، هەست دەکەم دیسان بۆ ئەم بابەتە بانگی دایکمی کردبێ.

دایکم چەندین جار پێی گوتووە کچی من دەبێتە مامۆستا، کوڕەکەی ئێوە عەسکەرییە، پێی گوتووە کچەکەم خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی دەدات، نەك من و باوکی و برایەکانی، بەڵام ئەم ژنە زۆر منجر و مادەییەکی عینادی تێدایە، زۆر دەترسم کێشەیەکمان بۆ دروستبکات.

شارا بە کاروانی گوت: من پێم باشە ئێوە زوو بێنە داخوازیم، تا ئەم ماڵە ئاریشەیەك، تەگەرەیەکیان دروست

نەکردووە، کاروان گوتی: بە دڵنیاییەوە بچمەوە لەگەڵ ماڵەوەمان قسە دەکەمەوە، بەڵام خۆت شەرتی لەم بابەتە چونکە ئەگەر ئەوان هاتن تۆ ڕەفزت کرد ئەوان دەتوانن چ بکەن؟ پێت وایە چونکە ئەفسەرە دەتوانێ هەڕەشە بکەن؟

شارا گوتی: خەمت نەبێ، لەم قسانە بوون، دایکی شارا هاتەوە، بەخێرهاتنی کرد و شارا زیاتر کاروانی بە دایکی ناساند. گوتی: دایکە من سفرەیەك ڕادەخەم. تا شیرینی و میوەجات و تێکەڵەیەك دادەنێم، پاش کەمێك فەرمووی لە دایکی و کاروان کرد بۆ سەر سفرەکە.

دایکی شارا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەم سەردانە و ئەم یەکترناسینە، گوتی مەسەلەی هاوسەرگیری بابەتێکی گرنگی ژیانە و لەوەتەی مرۆڤایەتی هەیە ئەم پرۆسەیەش بوونی هەیە. گرنگ ئەوەیە ئێوە

لێك تێگەیشتبن و بزانن بایەخی ژیان پێکەوەنان چۆنە و لە ئایندە چۆن هەڵسوکەوت دەکەن.

گرنگتر ئەوەیە ڕاستگۆیی و شت لە یەك نەشاردنەوە بکەنە بنەمای پێکەوە ژیان، کە ئەوانەتان کرد دەوروبەر ناتوانن بێنە نێوانتانەوە.

کاروان گوتی من شارام وەك گلێنەی چاوم خۆش دەوێ، هەرگیز باوەڕ ناکەم بێڕێزی بەرامبەر بکەم، چونکە من دەستپێشخەر بوومە لەم پەیوەندییە سۆزدارییە، پەیوەندییەك نەبووە بۆ شتی لابەلاو بەرژەوەندییەك بێت. سەروەت و سامانی بەدواوەبێت، کەواتە لە ڕابردوودا ئێمە یەکترمان خوێندۆتەوە و لێك تێگەیشتن لە نێوانمان هاتۆتە کایەوە، بەڵێن دەدەم شارای ئاسوودە و دڵخۆش بکەم.

شارا گوتی: دایکە خێر بوو باجی شیرین هاتە دوات؟

دایکی گوتی: شتێکی وا نەبوو، شارا گوتی: دایکە وا کاروان لەگەڵ ئێمە دەبێتە یەك خێزان جا هۆکاری چوونەکەتانم پێ بڵێ. دایکی ناچار مەسەلەکەی ڕوون کردەوە: چتان لێ بشارمەوە پێی گوتم ئەمشەو دێین بۆ داخوازی شارا بۆ هەرێمی کوڕمان، منیش پێمگوت باوکی شارا ئەمشەو لە ماڵ نییە، با بۆ کاتێکی تر بێ، خۆمان خەبەرتان دەدەینەوە.

کاروان بەم هەواڵەی دایکی شارا لە دڵەوە دڵتەنگ بوو، بەڵام خۆشەویستی و متمانەی نێوان خۆی و شارای لەم بابەتانە گەورەتر دەبینی.

شارا گوتی: کاروان هەرگوێ بەم بابەتە مەدە و دوا بڕیار لای خۆمە و با ئەوان بێن، من قسەی خۆم دەبێ، کاروان گوتی من

دەڕۆمر إن شاء الله هیچ نێتە پێشەوە، ئێمە ئەمشەو نا شەوی دواتر دێین بۆ ماڵتان و ئەمر کارە خێرە تەواو دەکەین.

شارا بۆ بەڕێکردن و خوداحافیزی تا بەردەرگا لەگەڵی ڕۆیشت، تا کاروان لە کۆڵان دیار نەما، ئەو نەهاتەوە ژوور، کە گەڕایەوە ژوور گوتی: دایکە بە چ حەقێك و لەسەر بنەمای چ پەیوەندییەك ماڵی باجی شیرین ڕاستەوخۆ دێنە داخوازی من. دایکی گوتی: پێ دەچێ دایکی زۆر هاندەری کوڕەکەی بێت و وەسفی تۆی زۆر کردووەو نایەوێ تۆی لە دەست بچێ. شارا زۆر بێتاقەت و دڵتەنگ بوو، گوتی: دایکە دەزانی لەمر ڕۆژانەی ڕابردوو کوڕەکەی بە خۆی و کۆمەڵێك نەجمەی سەرشانی هاتە پێشمر و گوتی با بتگەیەنمە شوێنی دەوامر.

بەس باش فەرامۆشمکرد و ڕەتمکردەوە لەگەڵی سوار بمر. بەس دایە گیان دەبوایە

ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ بێ پێچ و پەنا بتگوتبا هەر مێن نەك هەفتەیەكی تر وەرن، چونكە من كچی خۆم دەناسم و دەیەوێ یەكێك بكاتە هاوسەری خۆی لە ڕووی ئەكادیمییەوە لە خۆی نزیك بێت، دایكی هەندێك مشەوەش بوو، گوتی شارا تەلەفۆن بۆ ماڵی كاروان بكە و بڵێ دایكم گوتی با هەر ئەمشەو بێنە داخوازیت.

ئێستا منیش تەلەفۆن بۆ شوێنی كاری باوكت و برا گەورەكەت دەكەم دەڵێم ئەمشەو میوانمان دێ و هیچ مەوعیدێك دامەنێن، شارا چووە ژوورەكەی تر تەلەفۆنی بۆ ماڵی كاروان كرد، دایكی تەلەفۆنەكەی هەڵگرت، گوتی: فەرموو پاش هەواڵ پرسین، گوتی بە ئەرك نەبێ كاروانم دەویست، دایكی گوتی: كاروان هێشتا نەگەڕاوەتەوە، ئەگەر هاتەوە بڵێم

**کێ تەلەفۆنی کرد، گوتی بڵێ شارا بوو، زۆر باشە. خوداحافیزیان لەیەکتر کرد.**

**شارا گوتی: دایکە گیان کاروان لە ماڵ نەبوو، بەس بەدایکیم گوت، ئەگەر کاروان هاتەوە تەلەفۆنم بۆ بکاتەوە، زۆری پێ نەچوو کاروان هاتەوە، ورد و درشتی سەردانەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە، کە چەند ڕێز و خۆشەویستییان هەبووە بۆ خۆی و خێزانەکەمان، دواتر دایکی گوتی کوڕم پێش ئێستا تەلەفۆنێکمان بۆ هات گوتی شارام، بڵێ بە کاروان تەلەفۆنمان بۆ بکات، کاروان تەلەفۆنی بۆ ماڵی شارا کرد.**

**شارا تەلەفۆنەکەی هەڵگرت گوتی فەرموو کاروان، گوتی شارا خۆتی؟ بەڵێ بەڵێ خۆمم، خێر بوو تەلەفۆنتان کرد بوو. بەڵی بۆ ئەوە تەلەفۆنم کرد، دایکم گوتی: بە کاروان بڵێ هەر ئەمشەو بێنە داخوازییەکە و ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێت.**

کاروان بە دایکی گوت: بزانە باوکم لە کوێیە؟ دایکی بە پەلە منداڵێکی بەدوایدا نارد بۆ لای دوکانەکەی حاجی قادر، کە باوکی هاتەوە دایکی کاروان بە تێروتەسەڵیی سەردانەکەی کاروانی بۆ ماڵی شارا و ئەو تەلەفۆنەی بۆیان کرا باسکرد.

گوتی پیاوەکە کەمتەرخەمر مەبە ئێستا بڕۆ بەدوای ژمارەیەك پیاو ماقول و ڕیش سپی لە خزمان، تا ئێوارە بچین ئەمر داخوازییە تەواو بکەین، باوکی کاروان بەبێ مناقەشە و لامر و جیمر بڵێ ڕۆیشت، پێش ئێوارە هاتەوە گوتی ئافرەت زوو نان و چایەکی ئامادە بکەن، تا زوو بەخۆمان بکەوین و بچینە ئەمر ماڵە.

بە کاروانی گوت: نوێژی عیشامان کرد، بڕۆ دوو ئۆتۆمبێڵ بێنە، بەڵکو تا ئەمر پیاوانە دێن ئێمەش ئامادە دەبین.

دایکی شارا گوتی: پیاوەکە ئەمشەو میوانمان دێ بەڵکو کوڕەکان ئاگادار بکەیتەوە، هەندێك میوە و شیرینی بکڕن.

باوکی شارا گوتی میوانەکان خۆشەویستن؟

گوتی: بەڵێ خۆشەویستن و بۆ کاری خێر ڕوومان تێدەکەن.

ئێوارە دوای نوێژی عیشا، هێشتا شارا خەریکی سفرە هەڵگرتنەوە بوو، لە دەرگا درا، برایەکەی دەرگای کردەوە و سەلامیان کرد، گوتیان ماڵی (مام شەفیق)ە، گوتی: بەڵێ، فەرمووی لێ کردن.

ماڵی شارا زۆر گەرم و گوڕ بوون لە بەخێرهاتن و پێشوازی و گفتوگۆ، سەرەتا پیاوماقوڵێکی دنیا دیدە و ڕۆشنبیر لە تەرەفی ماڵی کاروان ڕووی لە مام شەفیقی باوکی شارا کرد، پرسی: ئێوە بە ئەسڵ خەڵکی کوێن؟

مام شەفیق گوتی: ئێمە بە ئەسڵ باپیرمان لە ئێرانەوە هاتۆتە کوردستانی عێراق، بەڵام من لە نزیك قەڵای هەولێر لە دایکبوومە، دواتر لە گەڕەکی سەیداوە و ئێستاش لەم گەڕەکە نیشتەجێن، ئەوە ماوەیەکی زۆرە.

پیاوە دنیادیتەکە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: ئێمە هاتووین بۆ خزمایەتی و کاری خێر، بۆ جێبەجێکردنی بڕیارێکی شەرعی، ئەویش داوا کردنی کچەکەت بۆ کاروانی حاجی نادری، ئەم گەنجە جوانە ناوی کاروانە خوێندکاری دوا قۆناغی زانکۆیە، هەڵە نەبم دوو ڕۆژی تر تەخروج دەکات، من ڕاستە واریسی کاروان نیم، بەڵام دراوسێیەکی کۆنی ماڵی حاجی نادرم، بە هەموو شێوەیەك دەبمە کەفیلی کاکە کاروان.

مام شەفیقی باوکی شارا گوتی: ئەرێ کامە کاروانە؟ پیاوە جوامێرە ڕەوانبێژەکە گوتی: ئەمە کاروانە. بە خوا کوڕێکی هێمن و لەسەرخۆ دیارە، ڕووی لە مەجلیس و میوانەکان کرد و گوتی: دیارە خۆشحاڵم بە سەردان و خزمایەتیتان، بەڵام دەبێ پرس و ڕا بە شاراش بکەین بزانین ڕازییە یان نا. ئەگەر کچە تاقانەکەم ڕازی نەبێ، لێرەوە پێتان دەڵێم منیش ڕازی نیم.

لێتان ناشارمەوە شارای کچم زۆر خۆش دەوێ، زۆر نازم هەڵگرتووە، من زۆر لێی ڕازیم، بۆیە دەمەوێ دڵخۆش بێت و قسە قسەی ئەو بێت، کاروان سەیری ناو دەمی مام شەفیقی دەکرد و قسەکانی لاخۆش بوو، بە کەمێك دوودڵییەوە شارا لە پشت دەرگاوە گوێی لە قسەکان ڕاگرتبوو.

ئەم قسانەی باوکی زۆر زیاتر متمانە و خۆشەویستی گەڕاندەوە بۆ شارا، خێرا

چوو چایەکەی تێکرد و هێنایە ناو ژووری میوان، کە تەرەفی ماڵی کاروان شارایان بینی، هەندێك ترسیان لێ نیشت، چونکە جوانییەکەی شارا جوانکاری و تیف تیفە نەبوو، بەڵکو جوانییەکەی ئیلاهی و شێوە و بابەتی نەبوو. لە هەڵسوکەوتیش گران و سەنگین.

پیاوە ڕیش سپییەکانیش دەستیان بە سوالفەی کۆن کرد و بووە پێکەنین لەسەر داخوازی و ژنهێنان لە سەردەمی کۆن.

شارا ئەم جارە شەربەتێکی بەتام و نایابی پێشکەش بە میوانەکان کرد، لەم کاتەدا باوکی گوتی شارا کچەکەم ئەم خزمانە هاتوونە بۆ داخوازی تۆ، جا لەگەڵ ئەم خاڵەیە و دایکت و کاروان بڕۆنە ژوورەکەی تر قسەی خۆتان بکەن و باش بیری لێبکەوە. لێرەوە خۆت بەرپرسی لەم کار و چارەنووسە، إن شاء الله ئەگەر

قسمەت بێت و خوا قەڵەمی لێ دابێت خێری پێوە بێت، ئەگەرنا هەر دۆست و خزمی یەکترین. پاش کۆکردنەوەی (گلاسەکان) چوونە ژوورەکەی تر.

دوای ڕا وەرگرتن، کە شارا گوتی: من ڕازیم، پیاوە ڕیش سپییەکە و کاروان گەڕانەوە ژوورەکەی تر و گوتی: شکور بۆ خوا هەر دوولا بەیەکتر ڕازین. بەم هەواڵە جەوی دانیشتنەکە زیاتر خۆش بوو، پاشان بەدڵخۆشییەکی زۆرەوە گەڕانەوەماڵەوە، هەرچەندە خانەوادەی ماڵی کاروان پێیان خۆش بوو هەر ئەم شەوە مەلایەك بێنن و مارە بڕینەکەش کۆتایی پێ بێنن، وەلێ هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی و هەندێ جار ناوچە و تەنانەت ئادابی شار بۆ شاریش بیرکردنەوەیان بۆ هەندێ بۆنە جیاوازە.

دوای هەفتەیەك بە ڕەزامەندی و لێك تێگەیشتنێك شەوێکیان بۆ مارەبڕین

دەستنیشان کرد، مەلا محەمەد مارەبڕینەکەی بۆ جێبەجێکردن و بووە خۆشی بۆ هەردوو بنەماڵە، باوکی کاروان هەستا و سوپاسی خزمان و دۆستانی کرد، کە بەشداربوون لەم کارە خێر و پیرۆزە، پاشان بە خوداحافیزی و ماڵئاوایی ماڵی بووکەخانیان جێهێشت.

شارا و کاروان ئەمشەوە کەوتبوونە جیهانێکی شادی ئامێز و خەیاڵ و بەرنامەکانیان لە چوارچێوەیەکی ڕاستەقینە و پاك ئامێز گەیشتە لوتکەی ئامانج.

دایکی کاروان ڕووی لە پیاوەکەی کرد و گوتی: ئای چەند هەستێکی خۆشە! چەند کامەرانیی، چەند ئاسوودەییە! دوو دڵ بە پاکی ئاوێتەی یەکتربن و هەنگاوە سەرەتاییەکانیان بە گەشبینییەوە دەستپێکرد، ئێستاش گەیشتن بە جیهانی بۆ

یەکتر بوون، ئەمە هەوڵدانێکی جوانبینیی بوو تا ئەوکاتەی خەیاڵەکانیان بوونە ڕاستی.

درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: بە ڕای من هەموو ئەو هەنگاو و خۆزگە و ویستانەی دەتەوێ لە خەیاڵەوە ببێتە بوون، دەبێ لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی، نیازپاکی و پلان بێت..

* * *

جیاواز لە بەیانییەکانی تر، کاروان زوو لە خەو هەڵسا، دەبوایە زوو خۆی بگەیەنێتە کۆلێژ تا (ئەستۆپاکی) بکات و ئەو کتێبانەی لە کتێبخانەی هێناون و ئەو شتانەی لەسەری ماڵن، ڕادەستیان بکاتەوە، چونکە کۆتا ساڵی خوێندنی کۆلێژێتی.

هەر ئەو ڕۆژەش کاروان ئاهەنگی دەرچوونی بوو، خەریکە هەناسەی ئۆخەی

هەڵبمژێ و ئیدی لەمەودوا نانی ئارەقەی نێوچەوانی خۆی بخوات.

بۆ کاروان بووە دوو ئاهەنگ و دووشادی، کە گەیشتە ناو گۆڕەپانی زانکۆ ڕوخساری ئەوەندە گەش و جوان بوو، هاوپۆلەکانی هەستیان بە دڵخۆشی و ئاسوودەییەکەی دەکرد.

پێشئەوەی قسە بکەن کاروان گوتی: هەمووتان پێشم کەون بۆ کافتریا و داوەتی شیرینی منن، ئەمشەو قەوماندوومە. چوومەتە قەفەزی زێڕین.

هاوپۆلە کچەکانی هەندێك تەشقەڵەیان پێکرد و گوتیان بۆ ئێمەت بانگ نەکردووە؟ کاروان گوتی: ئێوە حەقی خۆتانە، بەڵام کارەکە وای خواست، لە ئێستاوە بۆ ئاهەنگەکە بانگێشت کراون.

با بزانین دەنگوباسی شارا چۆن لەگەڵ ڕەوتی گۆڕینی ژیانی .. چۆن بیر لەم

کەژاوەیە دەکاتەوە؟ بێگومان شارا هەنگاوێك لە ژیانی نوێی چۆتەپێشەوە، هەوڵدەدات لە ئاییندەدا بە پلان و بەرنامەیەکی نوێگەری بونیادی خێزانێکی خنجیلانە و جوان لەگەڵ کاروان دروست بکەن.

دایکی شارا وەك کولتوور و دەستوورێکی کۆمەڵایەتی دوو کیلۆ چوکلێتی بەتام و نایابی کڕی و بە منداڵێکی دراوسێیان لە کۆڵان و دەوروبەر دابەشیکرد، کە شیرینی گەیشتە لای ماڵی باجی شیرین، لە منداڵەکەی پرسی ئەم شیرینیە هی ماڵی کێیە .. بە بۆنەی چییە؟

منداڵە هەرزەکارەکە گوتی: هی شارای کچی باجی جەواهێرە، ئەمشەو مارەبڕاوە.

باجی شیرین نەك هەر باوەڕی نەکرد، بەڵکو پێکەنینی بەم قسەی ئەم کوڕە هەرزەکارە هات و پاش کەمێك هەندێك

داما و تووشی سەرسامییەك هات و چووە ژوورەوە.

هەرچەندە کاروان ئەمڕۆژە زۆر هیلاك و ماندوو بوو، بە دایکی گوت وا جوانترە لەگەڵ یەك دوو ژن بچنە بازاڕ، بەڵکو کراسێك و هەندێك دیاری بۆ شارا بکڕن، سبەی وەك نیشان بۆ ماڵی بووکەخان ببەن.

دایکی کاروان، کاروان چی گوت، وای کرد. لەگەڵ یەك دوو ژنی خۆیان، خۆی سازدا و بە کاروانی گوت: کوڕم تەلەفۆنیان بۆ بکە، تا نیشانەکە ببەین، دیارە کات دوای نوێژی عەسریان دانا و کاروان بە تەلەفۆن شارای ئاگادارکردەوە، بەس، کە کاروان تەلەفۆنی کرد شارا گوتی کێی جەنابت؟ دەنگی کاروانی نەناسیەوە، کاروان گوتی شازادەکەم، شا گوڵەکەم چۆن دەبێ دەنگی من نەناسیەوە، شارا گوتی: تەریق بوومەوە کاروان.

کاروان دایکی و ژنەکانی تری بەڕێکرد بۆ ماڵی مام شەفیقی خەزووری، جاری پێشوو لەبەرئەوەی بەشەو هاتبوون، کۆڵانێك پاشتر پرسیاریان لە ژنێکی بەتەمەن کرد کامە ماڵی مام شەفیقە؟ خێزانەکەی ناوی جەواهێرە، ژنەکە گوتی: کۆڵانەکەی تر هەوە ڕێك دەکەوێتە ناوەڕاستی کۆڵان، لەبەر دەرگا دابەزین و دایکی کاروان بووە سەرقافڵەی ژنەکان و لە دەرگای دا. پێش چوونە ژوورەوە باجی شیرینی دراوسێیان واتە دایکی هەرێمی ئەفسەر، ئەوانی بینی و زانی ئەو شیرینییەی دوێنێ لە کۆڵان دابەش کرا ڕاستە و باجی جەواهێر کچەکەی مارە کراوە.

شارا دەرگای کردەوە، ژنەکان شارایان ماچ کرد و چوونە ژوورەوە، باجی جەواهێر بە ڕوویەکی خۆش و بە ڕێز و ئیحترامەوە پێشوازی لێ کردن، دادە جەواهێر ڕووی لە

ژنەکان کرد و گوتی: ئەمەیە شارای کچم.. بووکەکەتان، ئەوانیش گوتیان هەرکە دەرگای کردەوە زانیمان بووکەخانە ئەو وەسفەی کاروان بۆی کردین خۆیەتی.

پاش تاوێك دانیشتن و مەجلیسی ژنانیش هەندێك فەوزای تێدایە بەهەرحاڵ دایکی کاروان گوتی: با کاتیش لەوان نەگرین ئێمە هاتووین ئەم دیاری و نیشانانەمان بۆ بووکەخان هێناوە و بەهیواین بەدڵی بێت و بەخۆشی و ئاسوودەیی لەبەریان بکات. بۆ بەیانیش لەگەڵ کاروان مەوعیدێك دابنێن دەچینە بازاڕ.

شارا بەو شێوازە جوان و نەرمونیانەی خۆی گوتی: بان چاو، إن شاء الله من قسە لەگەڵ کاروان دەکەم، بەیانی جلوبەرگ و ئەو کەلوپەلانەی پێویستن دەیانکڕین، دایکی کاروان و ژنەکان خوداحافیزیان کرد و ماڵی باجی جەواهێریان جێهێشت.

کاروان چاوەڕێی دایکی دەکرد تا پێ ڕابگەن بچنە لای زێڕینگەری لە نزیك چایەخانەی قەرداران، زێڕینگەرەکە باوکی برادەری باوکی کاروان بووە، دەیانویست زێڕەکەی پێ بفرۆشن، لە کڕینەکەشی خاتریان بگرێ و لە دەستهەقەکەی داشکانیان بۆ بکات، هەرکە دایکی هاتەوە، کاروان لەپێش دەرگا وەك پاسەوانی سەر سنوور ساز و ئامادە وەستابوو، ژنەکان گوتیان: کاروان ڕەبی پیرۆزت بێت، بەخوا بووکێکی ناوازە و نەشمیل و ڕووح سووك بوو.

کاروان سوپاسی کردن و گوتی: زۆر ماندوومکردن، دایکە هەندێك بە پەلە بچین بۆ زێڕ فرۆشەکە تا کات بە بەریەوە ماوە. دایکەش لەسەر پێیانە و گوتی: بە قوربانت بم کوڕە شازادەکەم، بڕۆ تەکسییەك بێنە من ئامادەم، یەکسەر

بەرەو بازاڕ ڕۆیشتن و زێڕەکەیان جێبەجێکرد.

* * *

شارا هاوکاری دایکی دەکرد بۆ ئامادەکردنی ژەمی ئێوارە، بەڵام بەخوا بیر و هۆشی هەرلای کاروان بوو، بیری لەو ساتە دەکردەوە بۆ یەکەمجار، بۆ یەکەم نیگای کاروان لەناو پاسەکەی هێڵی (٩٢ مەهاباد) لە گۆشەیەکی پاسەکە دوو نیگا تێکەڵ بەیەکتربوون، چ نیگایەك دنیایەك ئیلهام و مانا لە چوارچێوەی ئەم نیگایە دەخولایەوە.

لەناکاو دایکی گوتی: کچم شارا ها بۆ وا غەیب بوویت، چ هەیە وا مێشکتی جەنجاڵ کردبێ؟ شارا گوتی: دایکە پێت باشە تەلەفۆنێك بۆ ماڵی کاروان بکەین، تا خۆیان ئامادەبکەن بچین بۆ کڕینی شتە

زەروورییەکان. دایکی گوتی: بەڵێ تەلەفۆن بکە، دەچین.

شارا و کاروان کەوتبوونە ناو دنیای خۆیان و قسە قسەی ڕادەکێشا، شارا گوتی: دەزانی ئەمڕۆ پێم نەکرا بچم بۆ پەیمانگا و شیرینی و بیبیسی بۆ هاوپۆلەکانم ببەم، بەڵام بەیانی دەچم و بێ دڵی خۆم و ئەوانیش ناکەم.

شارا گوتی: کاروان دەزانی هەستێکی زۆر خۆش و تایبەتە، ئەو کاتانەی خەون و خەیاڵ دەبێتە ڕاستی و ئومێد، خواستەکانت ڕێڕەوی خۆیان بەبێ ئاستەنگ و بەشێوازێکی ئاسایی و ڕاستگۆیی دێنە بەرهەم، ئیدی دەوروبەریشت هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکەن. بەخوا کاروان، هەموو کەسم، لە سەیرکردن و تێڕامانت تێرنابم، بەڵام دایکم بە تەنیایە و دەمەوێ بڕۆم دەی خوات لەگەڵ.

باوکی کاروان گوتی: کوڕم ئەم تەلەفۆنە کێ بوو؟ ئەمە شارای دەستگیرانم بوو سڵاوی هەبوو، بەرنامەمان دانا سبەی بچین بۆ بازاڕ، ڕۆژێکی دیکەش دایکم لەگەڵیان بچێ و چی پێویست بوو بیکڕن.

کوڕم هەر شتێکتان کڕی بە دڵی هەردوکتان بێت هەوڵ بدە ئەو شتانەی دەیانکڕن زیاتر بە پرس و ڕای ئەو بێت، لە دێرزەمانەوە گوتوویانە ماڵ بۆ ژنانە.

بەیانییەکەی کاروان کەمێك درەنگ لە خەو هەڵسا، تا خۆی ئامادە کرد و نانی خوارد، کاتژمێر بووە نزیکەی (٩)، برادەرەکەی کاروان هاتە پێش دەرگا و هۆڕینێکی لێدا و کاروان لەگەڵی بەڕێکەوت بۆ ماڵی شارا.

دایکی شارا، دەرگای لێکردنەوە و فەرمووی لە کاروان کرد، سوپاس ئەگەر شارا ئامادەیە کاتەکە درەنگە، دەڕۆین بۆ

بازاڕ ئەم برادەرەم لەناو ئۆتۆمبێل ڕاگرتووە. بەدەم ڕێگاوە کاروان و شارا، تا گەیشتنە بازاڕ، زۆر قسەی خۆشیان کرد، پاش ئەوەی پێداویستییەکانیان دەستەبەر کرد و لەناو ئۆتۆمبێلەکەیان دانا، شارا قۆڵی لەناو قۆڵی کاروان نا، وردە وردە بەرەو شەقامی (باتا) هەنگاویاننا، ئیدی بە پێکەنینەوە گوتیان با پیاسەیەکیش بکەین و شەربەتێکی مام زۆراب بخۆینەوە تا ئەم ڕۆژەش ببێتە یادگاری و بیرەوەری پێش ئاهەنگی گواستنەوەمان.

شارا هەر قۆڵی لەناو قۆڵی کاروان بوو بەرەو وێنەگری (ئۆسکار) ڕۆیشتن، تا چەند وێنەیەك بگرن، ئەوێ ڕۆژێ وێنەگری ئۆسکار وێنەکانی زۆر جوان و فول کوالیتی بوو، لە شەقامەکەی تەنیشت بینایەی پارێزگا دەپەڕینەوە، ڕێك هەرێمی کوڕی باجی شیرین ئەوانی بینی، تووشی

سەرسوڕمان بوو. تەنانەت چاوی بستێك زەوی نەبینیی، زۆر خەفەتی خوارد و یەکسەر گەڕایەوە ماڵەوە.

کاروان و شارا، ئاگایان لە کوڕەکەی باجی شیرین نەبوو، کە ئەو ئەوانیی بینیوە، هەرێم گەیشتەوە ماڵ لە دەرگادانێك لە دەرگایدا دایکی وەك دەڵێن هەناوی بەربۆوە، گوتی: دایکە ئەو کچەی تۆ دەتویست بچینە داخوازی تازە لە بازاڕ قۆڵی لەناو قۆڵی کوڕێك بوو، ئەمە چ گاڵتەجارییەکە! دایکی گوتی: کوڕم ئەمە دەستگیرانێتی و ماڕەبڕی خۆیەتی دیارە پێشتر کەش و کوشێك یان ئەم بابەتە ئمێکی تیایە، بۆیە ئەو دەست ئەو دەستیان پێ دەکردین. هەرێم جلە سەربازییەکانی گۆڕی و دوو پاسەوانی لەگەڵ خۆی برد و چوونە نزیك قوتابخانەی (شنەی)

سەرەتایی، تا لەکاتی گەڕانەوەی شارا و کاروان زیاتر کوڕەکە بناسن.

بەس هەرێم سوێندی خوارد ئەم کچە نابێ جلی بووکینی لەبەر بکات.

کاروان، شارای گەڕاندەوە ماڵی دایکی و زۆری پێنەچوو هەر پێنج دەقیقەیەك و خوداحافیزی لە دایکی شارا و ماڵەوەیانی کرد. هەرێم و چەکدارەکان دووربەدوور تا شوێنی پاسەکان و پاشان بەدوای پاسەکە ڕۆیشتن تا نزیك ماڵی کاروان تا ماڵی کاروان بە باشی پێ بزانن.

* * *

هەرێم کە گەڕایەوە ماڵ بەدایکی گوت: بڕۆ دایکی ئەم کچەم بۆ بانگ بکە، کە دایکی شارا هات بینیی هەرێم ئاگر لە چاوی دەباری، گوتی: فەرموو، گوتی ئێوە واتان لێهاتووە گاڵتە بە ئێمە بکەن، ئەی

دایکم چەند جار بە تۆی گوت: دێینە داخوازی کچەکەتان، یان چەند جار پێی گوتی: شارای دەکەمە بووکی خۆم بۆ وەڵامی ئێمەتان نەدەدایەوە، ئێستا گوێ بگرە و بزانە تا من مابم لێ ناگەڕێم ئەم کچە بۆ ئەم کوڕە بێت، دەبێت پرچی سپی لە ماڵی باوکی بهۆنتەوە.

دایکی شارا گوتی: کوڕم بۆ شارا بنپشکی تۆیە، نە دەستگیرانتە، پەیوەندیت لەگەڵی هەبووە؟ هەرێم یەکجاری توڕەبوو هاواری لەسەر دایکی شارا کرد و گوتی: لەبەرچاوم ون بە. بە پیاوەکەت و برایەکانی بڵێ دەست لەم کارە هەڵبگرن ئەگینا خۆم دەزانم چ دەکەم .. چ دەقەومێنم.

* * *

که شارا دەرگای لێکردەوە، بینی دایکی چاوی پڕ لە ئەسرین و غەمبار دیارە و ڕوخساری شێواوە، کچم چ بڵێم ئەوەی نەمبینیبوو، ئەوەی گوێم لێ نەبووە لەو سەردەمانەی پێشوو، لە کوڕەکەی باجی شیرین گوێم لێ بوو، دەڵێ ئێوە گاڵتەتان بە ئێمە کردووە، چۆن ئەو کچەتان مارە کراوە، ئەی ئێمە داوامان نەکردووە، دەڵێ ئەو کوڕە دەبێ ئەم کچە تەڵاق بدات و شوو بە من بکات.

بە بیستنی ئەم قسانە شارا بۆ چەند چرکەیەك بوورایەوە، کە ئێوارە باوکی و برایەکانی هاتنەوە، وەزعی ماڵیان زۆر مات و کز دیار بوو، دایکی و شارا لەلایەك دۆش داماون، کەسیش قسە ناکات، باوکی گوتی ئەرێ چ بووە؟ دایکی شاراش بە وردی هەڕەشەکانی هەرێمی باجی شیرینی بۆ گێرایەوە.

باوکی شارا و یەك دوو لە خزمەکانیان، ئێوارە چوون بۆ ماڵی باجی شیرینی دراوسێیان، مەوزوعەکەیان کردەوە و گوتیان بزانین ئەم بابەتە چییە و لە کوێ ئێمە ئێوەمان نیگەران کردووە، تا ئێوە هەڕەشەمان لێ بکەن؟

هەرێم بە ئاکار و شێوازێکی ناشیرین و هەڕەشەئامێز گوتی من ئەملا و ئەولا نازانم لە زووترین کات دەبێ ئەم کچەتان تەلاق بدرێ و نابێ بۆ ئەم کوڕە بێت، چونکە ئێمە زووتر داوامان کردووە، کەچی ئێوە وەڵامێکی دروستی ئێمەتان نەداوەتەوە و هیچ درێژەی پێ مەدەن، ئێستاش دەتوانن بڕۆن.

ئەوانیش بەبێ خوداحافیزی ماڵی هەرێمی کوڕی باجی شیرینیان جێهێشت.

باوکی شارا گوتی: ئەو بەناو ئەفسەرە، بە جۆرێکی زۆر منداڵکارانە و بێ ڕێزی قسەی

کرد، من ئەم بابەتە بە باشی نابینم، بۆیە بەدوای کارواندا بنێرن با سبەی قسە لەم بابەتە بکەین.

شارا، کە گوێی لەم قسانەی باوکی بوو، لە قوڵپەی گریانی دا و چووە ژوورەکەی تر، گریانەکەی ئەوەندە بەکۆڵ بوو هەناسەی زەحمەت بۆ دەدرا، خەریك بوو شێت بێت.

* * *

کاروان بەرنامەی ئەو ڕۆژەی دانابوو، سەردانی وەستای دارتاش بکات بۆ تەواوکردنی بۆفیە و سیسەم و هەندێ شتی تر تا زوو بۆی تەواو بکات، ئەو ڕۆژەش بێ ئاگا لە دڵی کاروان، کە ماڵی شارا کەوتوونەتە چ وەزع و بەلایەك بەدەست ئەفسەرێکی دڵڕەق و تێنەگەیشتی بە ماف و ڕاو بۆچوونی کەسانی تر.

باوکی شارا گوتی: کچم تەلەفۆنێك بۆ ماڵی کاروان بکە با تا ئێرە بێت، کاروان کە تەلەفۆنی ماڵی شارای بۆ هات پێی سەیربوو، هیچ مەوعیدێك و بەرنامەیەکیان لەم ڕۆژە بەیەکەوە نییە خێربێت إن شاء الله.

شارا گوتی: باوکم و برایەکانم دەڵێن تا ماڵی ئێمە بێت، کاروان لە ڕێگا هەر لە بیری ئەوەدا بوو، کە مەبەستیان تەنیا ڕۆژی دەستنیشان کردنی ڕۆژی ئاهەنگەکە بێت، بەهەرحاڵ کاروان گەیشت و بینی سەر و سیمایان بە ماڵی بووکێکی ئاسوودە و دڵخۆش ناکات، سەلامی کرد و پاش بەخێرهاتن سەرلەبەری هەڕەشە و جوێنەکان و بینەوبەردەی ئەو ئەفسەرەیان بۆ باسکرد، گوتیان ئێمە ئەهڵی کاسبین و نامانەوێ تووشی کێشە و دوژمنداری بین،

بۆیە دەمانەوێ ئەم بابەتە لێرەوە کۆتایی پێ بێت.

کاروان: من هەرگیز ئەم دەسگیرانەی خۆم بۆ کەس تەڵاق نادەم، دەچمە پۆلیسخانە شکاتی لێدەکەم، ئەو غەدرە قابیلی قبووڵ نییە، گوتی: ئێمە ڕاپەڕینمان بۆ ئەوەکرد ڕزگارمان بێت لە هەڕەشە و گرتن و تۆقاندنی بەعسییەکان.

ئەی زۆر جار لە ئەوانەی سەرەوە گوێبیست دەبین دەڵێن (یاسا لە سەروی هەموو کەسەکانە) ئەی بۆ نەچین لە ڕێگای ئەم یاسایەوە نەیەڵین مافمان پێشێل بکرێ، من دەڕۆم ئەم مەوزوعە لەگەڵ ماڵی خۆمان باسدەکەم.

کە کاروان ڕۆیی بینی شارا فرمێسك لەسەر کوڵم و ڕوخساری قەتیسماوە، بەم دیمەنەی شارا جەرگت ژانیدەکرد، ناخۆشترین شت ئەوەیە غەدرت لێ بکرێ،

بەڵام دەسەڵاتت نەبێ و کەس لەسەرت بەجواب نەیەت.

هەرێمی باجی شیرین حیمایەکانی تێگەیاند بوو، کە چاودێری ئەو کوڕە بکەن ئەگەر هاتە ئەو ماڵە بیگرن و بیخەنە ناو سندوقی ئۆتۆمبێل و بیبەنە دەرەوەی شار، وای لێبکەن لەناو پیستەشی بنێن نەیەتەوە سەرە خۆی، کاروان گەیشتە سەرەتای کۆڵانی ماڵی شارا، دوو چەکدارەکەی هەرێمی ئەفسەر بانگیانکرد و بە هەڕەشە سواری ئۆتۆمبێلیان کرد، یەکێك لە پاسەوانەکان دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و گوتی: خوایە لەبەردەم تۆ و بۆ مێژوو دەڵێین ئەم کارەی هەرێممان پێ ناڕەوا و ناڕاستە بەڵام ناچارین.

زۆریان لێدا و هیلاکیان کرد، کاروان خوێن لە ئازای بەدەنی دەهاتە خوارەوە، دواتر لەوێ فڕێیاندا و پێیان گوت: گەورەم

گوتوویەتی: با بە زووترین کات ئەم کچە تەڵاق بدات، ئەگەرنا ...، بەڵام کاروان هیچ نوقە و کاردانەویەکی نەبوو.

لە ڕێگای تەکسییەکی خێرخوازەوە کاروان گەڕایەوە ماڵ، بەڵام یەك کەسی کۆڵان نەیانناسیەوە، ئەوەندە شین و مۆر ببوو، کە دایکی بینی وەك دەڵێن هار و شێت بوو، زۆر لە خۆی دا و گریا و پرچی خۆی ڕنیەوە، هەر لەوێ کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دراوسێ و خەلکی گەڕەك بەهانایان هاتن، هەندێك ئارامیان کردنەوە، کاروانیش لەم لاوە سامت و شۆکبوو هیچی نەدەگوت، سەبر سەبر خەڵك دەهات و کەسیش زانیاری دروستی لەسەر ئەم کێشەیە نەبوو. لە کاروانیان پرسی کوڕم بۆ وات لێهاتووە، گوتی: من نازانم، بەڵام دوو چەکدار منیان ڕفاند و ئەوەی دەبینن ئەوهایان لێکردووم، بەس

له کۆتایی که ویستیان بڕۆن گوتیان گەورەم گوتویەتی پێی بڵێن ئەم کچه تەڵاق بدات، ئینجا زانیم کوڕەکەی باجی شیرین ئەو چەکدارانەی ناردووە، چونکه هەڕەشەی له خەسووم و خەزوورم کردبوو. بەهەرحاڵ دراوسێیەکان گەیاندیانه نەخۆشخانه و پاش پشکنین و پێدانی داودەرمان هێنایانەوه ماڵەوە.

پاش (١٥) ڕۆژ مانەوەی کاروان بەم وەزعه ناجێگیره، کاروان ڕۆژ دوای ڕۆژ زاکیرەی لەدەستدەدا و ژانێکی زۆری له سەر و مێشکی پەیداببوو، لێی کردبووە ئیلتهاب.

ماڵی کاروان گەیشتنه ئەو قەناعەتەی شارا تەڵاق بدەن، تا کارەکه لەمه گەورەتر نەبووە، هەرچەنده کاروان هی ئەوە نەبوو ڕای وەرگیرێ، چونکه هەندێ جار قسەی تێکەڵدەکرد، دکتۆرەکانیش هیوای زۆر

زەعیفیان دەدا بۆ چاکبوونی، چونکە دەمارێك لە سەری بەهۆی بەرکەوتنی قۆنداغە کلاشینکۆف تووشی پچڕان ببوو.

خانەوادەی کاروان پاش دەردەشە و گفتوگۆیەکی زۆر گەیشتنە ئەو بڕوایەی ئەگەر کۆتایی بەم کەیسە نەهێنن، کۆتاییەکەی خێر نابێت، بۆیە باوکی مەلا و دوو سێ ڕیش سپی لەگەڵ خۆی برد و بە وەکالەت ئەم کارەیان جێبەجێ کرد.

شارا لە ڕووی دەروونییەوە تێك شکابوو، ماوە ماوە بە ناوی هاوپۆلەکانی کاروان، تەلەفۆنی دەکرد و لە دایکی کاروانی دەپرسی، جارناجارێ دایکی کاروان دەیگوت: وەزعی بەرەو خراپتر چووە، لە کۆتا تەلەفۆنی شارا بۆ دایکی کاروان لەناو قسەکان دایکی کاروان لە پرمەی گریانی دا و گوتی: چت لێ بشارمەوە بەخوا کاروان شێت بووە، ئێمەش ناناسێتەوە.

ڕۆژێك هەرێمی ئەفسەر لە دیوانی وەزارەت بە پاسەوانەکانی گوت: من بەریدێك دەنووسم هیچ کەس و میوانێك مەنێرن بۆ ژوورەوە، دەیویست لە ڕێگای ئەم نامەیەوە بە شارا بڵێ دەمەوێ شووم پێ بکەی و چ داواکارییەکت هەیە لە زێڕ و پارە و ئۆتۆمۆبێل بۆت مەیسەر دەکەم.

نامەکەی نووسی و دایە دەست یەکێك لە پاسەوانەکانی بیبات بۆ ماڵی شارا، بەڵام پاساوانەکە هەم باوەڕی بەم کەیسە نەبوو، هەم بە غەدرێکی نامرۆڤانەی دەزانی و نەی دەویست بەشداری ئەو هەموو تاوانە زەقە بێت. بۆیە بێ پرسی مەسئوولەکەی نامەکەی دایە دەست باجی شیرینی دایکییەوە، کە نامەکە گەیشتە دەست شارا و خوێندییەوە شارا شێت و هار بوو ئاگر لە چاوی دەباری.

شارا ئەوەندە هۆگری کاروان بووە، ئەوەندە کاروانی خۆش دەویست، بە هەژاری و بێ ئۆتۆمبێلی و بە هەموو نەبوونییەکانی ئەو ڕازی بوو، پاش ئەو غەدر و هەڕەشە و ژیان تێکدانەی لەلایەن هەرێمر، تازە بە تازە من ڕازی بمر شوو بە غەدارێك و بێویژدانێك بکەمر ئەمە هەرگیز قابیلی قبووڵ نییە، تازە من بچمە باوەشی زۆردارێك، کە کاروانەکەی منی خەڵتانی خوێن کرد..

شارا پەیامێکی بۆ هەرێمر نارد، نووسیبووی پاش ئەمر کوڕە هەژارە، ئەمر کوڕە بێ ئۆتۆمبێلە، ئەو کوڕە ڕۆشنبیر و خاوەن ویژدانە تا ماومر شوو بە کەس ناکەمر، بابەتی شووکردن لە دڵی من بۆ هەتا هەتایێ داخرا و گەردەنیشت ئازا نەبێت، تەنیا سکالای خۆمر لای یەزدانی گەورە دەکەمر.

که باوکی هاتەوە ئێوارە لەگەڵ دایکی و برایەکانی، هەر هەموویان بڕیاریان دا لەم شارە بڕۆن و بچنە شارێکی تر.

لەم هەوارە تازەی ماڵی شارای بۆی چوون، پاش ماوەیەك لەوێ شارا وەك مامۆستایەکی قوتابخانەی ئەهلی دامەزرا، شارا بۆ ئەوەی ویژدان و دەروونی خۆی لەلایەك بەرامبەر قوتابییەکان ئاسوودە بکات، وەك پێویست بایەخیان پێ بدات و خۆی بۆ کەرتی پەروەردەیی تەرخان بکات، لەلایەکی تریش ئەم تراژیدیایەی بەسەری هاتووە هەر هیچ نەبێ لە ڕووی ژینگە و لایەنە کۆمەڵایەتییەکە هەندێك گۆڕانکاری بکات. هەرچەندە لە بیرکردن و کردنەوەی لاپەڕەیەکی سپی بۆ شارا ئاسان نەبوو، بەڵام بۆ ئاسوودەبوونی دڵی خانەوادەکەی ڕۆژی بەڕێدەکرد و هەمیشە خۆی وا نیشاندەدا، ناخی ئاسوودەیە، وەلێ

هەمیشە لە ناخەوە دەکوڵا، بەڵام بەداخەوە پاش دووساڵ ژیان لەم شارەی لێی نیشتەجێ بوون و لێی دەژیان، بەیانییەك شارا لە شەقامە سەرەکییەکەی لای قوتابخانەکەیان دەپەڕییەوە، بەهۆی ئەوەی شوفێرەکە پابەندی یاساکانی هاتووچۆ نەبوو لێیدا و زۆر بێ ڕەحمانە شارای شێلا، تا گەیێندرایە نەخۆشخانە گیانی سپارد، بۆ دوا جارماڵئاوایی لە خانەوادە و کاروانی خێرلەخۆنەدیو کرد.

کۆتایی

## پەی پێبردن

باش بیرکردنەوەو جوان بینین بۆ ژیانێکی نوێ، یان کرانەوە بەڕووی دونیابینین بۆ گەیشتن، بەلوتکەی ژیانێکی سادەو بەختەوەر، دروستکردنی خێزانێکی بچکۆڵانەی سەرفراز، گەڕانەوەیە بۆ بونیادنانی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە.

بێگومان چیرۆکی خۆشەویستی بووەتە هەوێنی خۆشگوزەرانی خێزانێکی بەختەوەر، وەلێ زۆرجار بە نائاکامی سەردەنێتەوە و سکاڵای دڵی خۆیان دەسپێرن بە یەزدانی مەزن.

لێرەو لەوێ لە کوچەو شەقامی گشت شارێ، جار نا جارێ گوێبیستی دەنگۆی هەواڵی بەیەکنەگەیشتنی ئەوینی دوو دڵدار دەبیستین، جا ڕەنگە گەلێ جار دەنگدانەوەی زۆری هەبێ و چی کەمتر نەبێ لە خۆشەویستی مەم بۆ زین، شیرین بۆ فەرهاد، خەج بۆ سیامەند، بارام بۆ گوڵئەندام و چەندانی تر...

تا چەندین ساڵ کاریگەری هەر بمینێتەوە بەسەر ناوچەکە، جا ئەگەر بکرێتە ڕۆمان و چیرۆك! ڕەنگە لە هەموو سەردەمێکدا دەیان ڕۆمان و چیرۆك ئیلهامی شیعری چێژبەخشیان لێ دەربچێ، یان ببێتە بەرهەم! وەلێ داخەکەم لەو سەردەمەی ئێمە نووسەری کورد زۆر بێ ئاگایانە دەبینم لەمەڕ بایەخدان بەو هەموو دژایەتیەی بەرامبەر بە مرۆڤ و ژن و خێزان و ئەوینی پاك و ژیان دەکرێ، لەم چیرۆکەی نووسەر

بۆم ڕوونبۆوە دکتاتۆرییەت هەر لە سیاسەت بوونی نیە! بەڵکو لە عیشقدا دیکتاتۆری و زۆرداری ڕوو چۆتە کۆمەڵگای ئێمە و دەوروبەرمان.

ئاخر کوشتنی دوو دڵ، یان سڕینەوەی دوو پەیوەندی ڕاستەقینە لەسەر گۆی زەوی چی کەمتر نیە لە کوشتنی ژیانی دوو کەس و بگرە زیاتریشە، هەروەکو عەبدوڵڵا پەشێو گەورە شاعیری کورد دەڵێ:

ژینی پێش تۆم لە یاد نییە
من نەبوون بووم
کەتۆم ناسی زمانم گرت
چاوم پشکووت
سەرپێ کەوتم، دارە، دارە
چۆن باوەرکەم بەوەی دەڵێ
لەدایکبوون هەریەکجارە

هەروەکو شاعیر دەڵێ: نابینین خۆشەویستی کەسێك وەك لە دایکبوون

وایە، باشە دەبێت چەند لە دایکبوونی وا لەبار برابێت!؟

هەر لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە دڵت دادەخورپێ و خەریکە پەنجەکانت بگەزی و داخێکی قوڵ هەڵدەمژی و توند چۆکەکانت بەناوزگت دەکوشی، خەمێکی بێ کۆتایی بۆ ئەم ئەوینە جوانەمەرگە هەڵدەڕێژی، جا ئەگەر کەین و بەینێك و سەرە داوێکت لەگەڵ ئەویندا هەبێت و جارێك عەشقی دڵتی تەزاندبێ! ڕەنگە فرمێسك وەکو دڵۆپە عەترێکی سارد لە ڕێگای چاوەکان بەسەر لێوەکان سەرڕێژ بکات و شەونخونیشت پێ بچێژێت.

لەکۆتایی دەستخۆشی لە نووسەر کاك (حەیدەر مەنتك) دەکەم کە دەستی بۆ بابەتێك بردووە، پێمان دەڵێ تاوان و دەستدرێژی بۆ کەسانی پاك و ئەوانەی لەژێر ساباتی خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە

دەیانەوێ خێزان پێکبهێنن، کەچی کەسانێك بەهەر هۆکارێك دەبنە ڕێگرو خەون و خولیای دوو دڵ، دوو ئەوین لە گۆڕ دەنێن.

بۆیە دەستبردن بۆ نووسین و پەی پێبردن و نوێکردنەوەی ئەم تەرزە چیرۆکانەیە زەرور و پێویستە، تاکو نەوەکانی ئەمڕۆمان تێبگەن و پێبگەن و خەمێکی وا لە داهاتووی ئەوان دووبارە نەبێتەوە.

م. هۆگر جەمال

# حەیدەر مەنتك

- لەدایکبووی: ١ / ٧ / ١٩٧٧ هەولێر.
- خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس/ لە بەشی کارگێڕی کار.

**کتێب و نامیلکە چاپکراوەکانی**

- خاوەنی نامیلکەیەکی چاپکراوی پەخشنامەیە بەناوی مەملەکەتی عەشق. لە ساڵی ٢٠٠١ چاپکراوە.
- ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی لەهەولێر بەرگی یەکەم، لەساڵی ٢٠١٨ چاپ و بڵاو کرایەوە.
- ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی لەهەولێر بەرگی دووەم لەساڵی ٢٠٢٠ چاپ و بڵاوکرایەوە .
- کتێبێکی تری چاپ کراوە، لە ژێر ناوی (شیرین تەشی نارێسی) ساڵی ٢٠٢٣ چاپکراوە.
- ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان (٣) بەرگ، ساڵی ٢٠٢٣ چاپکراوە.
- بەرگی سێیەمی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی، ساڵی ٢٠٢٤ چاپکراوە .
- ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان بەرگی (٤)، ساڵی ٢٠٢٤ چاپکراوە.

**لەبواری ڕێکخراوەیدا**

- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی جیهان.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان.
- سەرۆکی ڕێکخراوی ڤینۆسی ژینگەیی.